دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٦٤

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

دووشەممە ● ٢٨ی جۆزەردانی ١٣٨٦ ● ١٨ی ژوئەنی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك‌و هێزەکانی رێژیم لە کرماشان

شەوی سێشەممە ١٢ـ ٦ـ ٢٠٠٧ لە دراوە درێژ (دەرە دراز) لە قەراخ شاری کرماشان، هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی رێگا بە ماشێنێك دەگرن کە گوایا ئاژەڵی دزراوی تێدا بووە. لە نێوان چەکدارانی رێژیم‌و سەرنشینانی ماشێنەکە تەقە دەست پێدەکاو لە ئاکامدا نەفەرێك لە ئەندامانی هێزی ئینتیزامی دەکوژرێ‌و یەك لە سەرنشینی ماشینەکەش بریندار دەبێ.

بە دوای ئەودا هێزی ئینتیزامی بە شەو دەوری ئەو ناوچەیە دەدەن‌و بۆ بەیانی ژمارەیەك لە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەگرن‌و دەیانبەنە شاری کرماشان. پاشان بە بڕیاری کاربەدەستانی رێژیم سمێڵی پازدە کەس لە پیاوانی دەستگیرکراو دەتاشن.

شایانی باسە کە خەڵکی (دەرە دراز) کوردی سەر بە ئایینی یارسان‌و سمێڵ هێشتنەوە وەك سوونەتی یارساکان گەلێك پیرۆزە. ئەم هەواڵە زۆر زوو لە ناوچەکەدا بڵاو دەبێتەوەو رۆژی پێنج شەممە ١٥ـ٦ـ٢٠٠٧ زیاتر لە پێنج هەزار کەس بەردەرگای پارێزگای کرماشان دەگرن‌و داوای ناساندن‌و سزادانی تاونباران‌و بڕیاردەرانی ئەو کردەوەیە لە پارێزگار دەکەن.

سایتی کوردستان‌و کورد

# رادیۆی دەنگی کوردستان، هەڵگری پەیامێکی نوێ لە قۆناغی نوێی تێکۆشانی‌دا

## ٢٧ ساڵەی دەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان


٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ بیست‌و حەوتەمین ساڵرۆژی دەست بەکاربوونی (بە پێوەری ئەوکات) گشتگیرترین راگەیەنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك سەرەکیترین‌و کاراترین هێزی نێو ئەو بزووتنەوەیەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین دەستڕاگەیشتنی بزووتنەوە لەو سەردەمەدا بە راگەیەنێکی ئاوا گرنگ‌و گشتگیر بۆ ئەو قۆناغە بە دەسکەوتێکی گرنگ‌و پڕبایەخ دەژمێردرێ. چونکە بۆشایی راگەیەنێکی گشتگیر بۆ بزووتنەوە لەو قۆناغە ئاستەمەدا کە دوژمنانی بزووتنەوە سەرەڕای ئەوەی بە هەموو توانای سیاسی، نیزامی‌و راگەیاندنی خۆیانەوە پەلاماریان هێنابووە سەر کوردستان، زیانی زۆری بە بزووتنەوەی کوردستان گەیاندبوو کە دەکرێ بەم چەشنە لایەنەکانی دەستنیشان بکەین:

لە قۆناغی دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی‌دا رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە پێگەیەکی مەزهەبیی هەبوو، بە هەموو توانای راگەیاندنی خۆیەوە لە هەوڵ دا بوو بزووتنەوەی کوردستان بە بزووتنەوەیەکی ناڕەوا، جیاییخوازو دژە شۆڕشیانەوە... لە قەڵەم بدا. بۆیە دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان لەو هەلومەرجەدا کە راگەیاندنی بزووتنەوە چ لە باری رووبەرو خێرایی‌و چ لە باری تێکنیکییەوە توانای بەرپەرچدانەوەو روونکردنەوەی ئامانجەکانی خۆی نەبوو، جگە لەوەش تەنانەت لە رووبەری ناوچەکانی کوردستانیش دا نەی‌توانی کۆمەڵانی خەڵك لە رووداوە رۆژانەکان ئاگادار بکاتەوەو سەبارەت بە ئامانجەکانی بزووتنەوەو مافە نەتەوایەتییەکانیان وشیاریان بکاتەوە، بە گۆڕانکاری‌و دەسکەوتێکی گرنگ دەژمێردرا. دەستڕاگەیشتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە راگەیەنێکی گشتیی ئەوتۆ، هەر چەند لەو ئاستەدا نەبوو کە وەڵامدەری هەموو پێداویستییەکانی بزووتنەوە لەم بارەوە بێ، بە واتای بەهێزبوون‌و گشتگیربوونی فاکتۆری راگەیاندن بوو لە پەنا فاکتۆرەکانی دیکەی وەك بەرەنگاریی چەکداری، شێوەکانی دیکەی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و خەڵکی کوردستان.

هەرچەند لە یادی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان پێویستە گرنگیی ئەم راگەیەنە بە تایبەت لەو سەردەمدا وەبیربێنینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا پێویستە باس لەو کەموکورتییانە بکرێ کە لە درێژایی ئەم ماوەیەدا بە کاری ئەم رادیۆیەوە دیار بووە. چونکە بەبێ لا لێ‌کردنەوەو خستنەرووی ئەم کەموکوڕییانە رادیۆ ناتوانێ لە ئاست ئەو ئەرکە گرنگەدا کە لەسەر شانیەتی‌و ئەو چاوەڕوانییانەش کە کۆمەڵانی خەڵك‌و بزووتنەوەی نەتەوایەتی لێیان هەیە وەڵامدەر بێ.

یەکەم، رادیۆی دەنگی کوردستان هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونەوە زیاتر قورسایی کاری خۆی بۆ رەنگدانەوەی چالاکیی هێزی پێشمەرگەو لەقاودانی سیاسەتەکانی رێژیم تەرخان کردووەو کەمتر توانیویەتی لەسەر لایەنە فکرییەکان‌و وشیاری بەخشینی نەتەوەیی‌و تۆخکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی‌دا کار بکا. دووهەم، فۆرمی کاری رادیۆ زۆر بە کەمی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو زیاتر پێڕەویی لەو فۆرمە کلێشەیی‌یە کردوە کە هەر لە سەرەتاوە کاری پێ‌کردوە. سێهەم، تەنانەت لەو قۆناغەش دا کە قورسایی شەڕی چەکداری کەم بۆتەوە یان نەماوە رادیۆ نەی‌توانیوە خۆی لەو فۆرمە کلێشەیی‌یە دەرباز بکاو بەپێی میتۆدەکانی کاری راگەیاندن‌و بە پێی ستراتیژیی دیاریکراو پلان بۆ بەرنامەکانی دارێژێ. چوارەم، لەلایەنی تێکنیکی‌و گشتگیری‌و ماوەی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رۆژانەش دا ئێستاشی لەگەڵ دابێ رادیۆ نەی‌توانیوە خۆی نوێ بکاتەوە.

٢




## لە ڕێوڕەسمێك دا رێز لە ٢٧ ساڵ تێکۆشانی رادیۆی دەنگی کوردستان گیرا

کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە، ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٦ی هەتاوی رێوڕەسمێك بۆ رێزگرتن لە ٢٧ ساڵەی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان لە بنکە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەم رێوڕەسمە بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و رێبەریی حیزب‌و هەروەها سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ساڵۆنی گشتیی رێوڕەسمەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

رێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و لێدانی مارش‌و لۆگۆی رادیۆ دەنگی کوردستان دەستی پێ‌کرد. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیەوە لەلایەن کاك کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکێش کرا. دوا بە دوای پەیامی دەفتەری سیاسی، کاك سیامەك قەوی‌پەنجە، بەرپرسی رادیۆی دەنگی کوردستان لە وتەیەك دا هەموو ئەو کەسانەی لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا، لەم رادیۆیە کاریان کردوە، ناوی بردن‌و بە رێزەوە یادی کردنەوە.

بەشەکانی دیکەی رێوڕەسمەکە بریتی بوون لە خوێندنەوەی پەخشانی "هەناسەی مەسیح" لەلایەن مامۆستا بێبەش، خوێندنەوەی پەیامی چاپەمەنیی حیزب لەلایەن کاك ئەییوب شەهابی‌ڕاد، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن کاك زورار زەرزا، پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب، خوێندنەوەی شێعری "گڕوگاڵی رادیۆی دەنگی کوردستان" لەلایەن کاك ئەحمەدی قادرییەوە، میوانداریی کارگێڕانی رادیۆ بە نوقڵ‌و شیرینی لە بەشدارانی رێوڕەسمەکە، خوێندنەوەی شێعری "دەنگێ مەیە هۆزان‌و گوڵ" لەلایەن خاتوو سەکینە جاهی، پێشکێش کردنی لەوحی رێزلێنان بە کارگێڕانی رادیۆ لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە. پێویستە بگوترێ کە هونەرمەندانی دەنگخۆش کاك فەرهاد ساڵحی‌و ئازاد نادری لەنێوئاخنی بەرنامەکان دا بە پێشکێش کردنی چەند تابلۆیەکی گۆرانیی شاد رێوڕەسمەکەیان هەرچی زیاتر رازاندەوە. دوایین بەشی رێوڕەسمەکە هەڵپەڕکێی گشتی بوو کە بەشدارانی رێوڕەسمەکە بە بەشدارییان لەم ئاهەنگەدا سوپاس‌و پێزانینی خۆیان پێشکێشی کارگێڕانی رادیۆی دەنگی کوردستان کرد.

## سەردانی شاندێکی "رێکەفتنی دێموکراتی کوردی سوریە" لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

کوردستان‌و کورد: رۆژی سێ‌شەممۆ رێکەوتی ٨٦/٣/٢٢ شاندێکی "رێکەفتنی دێموکراتی کوردی سوریە" پێکهاتوو لە بەڕێزان: خاتوو نالین قەنبەر، سکرتێر، کاك حاجی گلو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و کاك فیراس، بەرپرسی پێوەندییەکان لە سلێمانی سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاك کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کاك رامبۆد لوتفی‌پووری ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندی پێشوازییان لێکرا.

لەو چاوپێکەوتنەدا بارودۆخی سیاسیی کوردستان‌و هەلومەرجی خەباتی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵات‌و رۆژئاوای کوردستان دا تاوتوێ کرا. لەو دانیشتنەدا مامۆستا حەسەنزادە جەختی لەسەر بەهێز کردنی بیری نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان کردەوەو بە پێداگرتنەوە لەسەر رێبازی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتی: نیشتمانی دابەشکراوی کوردستان یەك وڵاتەو کوردیش یەك نەتەوەیە کە یەکگرتنەوەیان مافێکی بێ‌ئەم لاو ئەولایانە.

پاشان خاتوو نالین قەنبەر تیشکی خستە سەر هێندێك بابەتی نێوخۆیی "رێکەفتنی دێموکراتی کوردی سوریە"و ئۆپۆزیسیۆنی سووریەو بەتایبەت رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەو وڵاتەدا. ناوبراو هەروەها جەختی لەسەر پێویستیی دێموکراتیزە بوونی هێزە کوردییەکان کرد. لە کۆتایی‌دا هەردووك لا شێلگیری خۆیان بۆ هاریکاری‌و دۆستایەتیی هێزە کوردییەکان لە هەموو پارچەکان دەربڕی.

## مەهاباد: تێکهەڵچوونی نێوان سوپاو هێزی ئینتیزامی لە دۆڵی ئافان

کوردستان‌و کورد: دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ٢٠ی جۆزەردان، بۆ لە داوخستنی قاچاغچی‌یەکان، هێزی بە ناو ئینتیزامیی مەهاباد بە جلوبەرگی کوردییەوە لە دۆڵی ئافان کەمین دادەنێنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم کەمین دانانەوەیەی هێزی ئینتیزامی، سوپای پاسدارانیش خەریکی گەشت‌و گەڕانی نیزامی لەو ناوچەیە دەبێ‌و هیچ کام لەو دوو هێزەی رێژیم ئاگایان لە بەرنامەی یەکتر نابێ. ئەگەری ئەوەش هەیە کە سیخورەکانی رێژیم بە دیتنی چەکداری نەناسراو بە جلوبەرگی کوردی، خەبەریان بە سوپا دابێ‌و سوپای پاسداران بە خەیاڵی خۆیان بۆ لە داوخستنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رێژیم، هێرشیان کردبێتە سەر دۆڵی ئافان. لە درێژەی ئەو رووداوەدا سوپای پاسداران تەقە لە هێزی بەناو ئینتیزامی دەکا. بە گوێرەی دوایین هەواڵەکان لەم تێکهەڵچوونەدا زیاتر لە ٥ کەس لە هێزی بە ناو ئینتیزامی کوژراون‌و پتر لە ١٥ کەسیش لە هەر دوولا بریندارن.

شایانی باسە مەبەست لە قاچاغچی ئەو کاسبکارە زەحمەتکێشانەن کە پێداویستی‌و کەلوپەل بە وڵاغی باری‌و ماشێن لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان رادەگوێزن. هێزە چەکدارەکانی رێژیم رۆژ نیە نەکەونە راورووتی ئەو کاسبکارانەو دەست بەسەر بارو کەلوپەلی ژمارەیەکیان دا نەگرن، یا نەیان دەنەبەر دەسڕێژو ژمارەیەکیان لێ‌نەکوژن.

## بە بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان "کۆبوونەوەی پاریس"ی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەڕێوەچوو

رۆژانی هەینی، شەممەو یەکشەممە رێکەوتی ١٥ـ٢٠٠٧/٦/١٧ لە شاری پاریس کۆبوونەوەیەك بە ناوی "همایش همبستگی ایران" لە شاری پاریس پێتەختی فەرانسە بە بەشداریی چەند حیزب‌و کۆڕو کۆمەڵی سیاسیی چالاك لە دەرەوەو نێوخۆی ئێران بەڕێوەچوو. جێگای باسە کە لەم کۆبوونەوەیەدا هێندێ کەسایەتیی سەربەخۆی سیاسییش بەشدار بوون.

کۆبوونەوەکە لە سێ ڕۆژدا بەڕێوەچوو. هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بریتی بوون لە: ١ـ سارا موحەممەدی( بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە وڵاتی بلژیك)، ٢ـ کاوە ئاهەنگەری(بەرپرسی کۆمیتەی بلژیك)، ٣ـ کەماڵ شەمامی(ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی فەڕانسە). ٣




پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢٧ ساڵەی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە ٢


وتووێژی رادیۆی دەنگی کوردستان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ٤


هێرشی تورکیا، هەڕەشەیە یان واقیعییەت؟ ٥



٢٧ی جۆزەردان‌و ٢٧ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی ٨


وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە "کۆبوونەوەی پاریس"دا ٩


ئیسلامی سیاسیی کوردستان، هەڕەشەیەك لە ئازادی‌و ناسنامەی نەتەوەیی کوردان ١٠

### پەیامی دەفتەری سیاسی

# بەبۆنەی ٢٧ ساڵەی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانەوە

**لەلایەن کاك کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە**



هاورێیـانی خۆشەویسـت، میوانـه بەرێزەکان!

بـۆ بەشـداریتان لـە رێـورەسمی یادکردنەوەی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردسـتان. دەنگـی حـەق بێـژو راستگۆی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بـە گـەرمی بـەخێرهاتنتان دەکـەم. بەشـداریی گـەرمی ئێـوە لـەم مەراسـیمەدا بـە دڵنیاییـەوە هانـدەرێکی بـاش دەبـێ بـۆ بەرێوەبـەران‌و کـادرو پێشـمەرگەکانی ئـەم بەشـە لـە راگەیانـدنی حیـزب بـۆ درێـژەدان بـە ئـەرکی پـیرۆزی خۆیـان. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە کارگێڕانی رادیـۆ، ئێـوەی خۆشەویسـت‌و هـەموو گـوێگران‌و ئـۆگرانی رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان دەکەم.

بـەهاری سـاڵی ١٣٥٩ دوای ئـەوەی رێـژیمی کۆمـاری ئیسـلامی بـە هـەموو تواناوە لـە هـەموو لایەکـەوە پـەلاماری هێنایە سـەر کوردستان، رێبەرایـەتیی حیزب بەدوای موقاوەمەتێکی ئازایانە‌و چـەند مانگـەدا بـۆ پاراسـتنی زیـاتری گیـان‌و مـاڵی خـەڵکی ئـاسایی بڕیـاری چۆڵ کردنی شارەکانی داو پێشـمەرگە بـۆ بـەرگری لـە خـاکی کوردسـتان‌و درێژەدان بە خـەبات لـە پێنـاوی وەدی هێنـانی ئامانجـەکانی گەلـە بەشـخوراوەکەمان دا رێگـەی بـەرگری چـەکدارانەی گرتـە بـەر. لـە هەلومـەرجێکی دژواردا کـە پێوەنـدیی راستەوخۆی رێبـەریی حیـزب لـە گـەڵ بەشی زۆری خەڵکی کوردستان تووشی گـیرو گرفـت ببـوو، بەمەبەسـتی گەیاندنی پـەیامی خـەبات‌و خـۆڕاگری‌و لـەقاودانی سیاسـەت‌و کـردەوەی کۆنەپەرەستانی دەسـەڵاتدارو ئاگـادار کردنـەوەی خـەڵکی تێکۆشـەری کوردسـتان‌و سەرانسـەری ئێـران لـە موقاوەمـەت‌و خـۆڕاگری‌و حەماسـە خوڵقێنی‌یـەکانی هێـزی پێشـمەرگە لـە رووبـەروو بوونـەوە لەگـەڵ هێزەکـانی رێژیم دا بیر لە دروست کردنی پردێکـی نـوێی پێوەنـدیی کرایـەوە. ئـەم کـارە گرینگە بەهۆی کەم بـوونی ئیمکانـات‌و لەبەردەسـت دا نـەبوونی کەرەسـتەی پێویسـتی فـەننی‌و مەحـدوود بـوونی کەسـانی پسـپۆر لـە بـوارە جۆراوجۆرەکـانی کـاری تـەبلیغاتی‌داو بەتایبـەت لـە شـاخ‌و لـەو هەلومەرجـە سـەختەدا زۆر دژوار دەهاتـە بەرچـاوو بەتایبەتی، وەکار خستنی رادیۆیـەکی وەك رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان وەك کارێکی مەحاڵ دەبینرا. بـەڵام هـەوڵ‌و تێکۆشـانی بـەردەوامی تێکۆشـەرانی حیـزب، پشـتیوانیی رێبـەری حیـزب بەتایبـەت خـەمخۆری‌و مانـدووبوونی رێبەری شەهید دوکتـور قاسملوو ئـەم کارە زەحمەتەی ئاسان کرد. ئاکامی ئەو هەوڵ‌و تێکۆشانە دامەزرانی یەکەم فرسـتەندەی رادیـۆیی ئۆپۆزسـیۆنی کورد لـە کوردسـتانی ئێـران بـوو. لـە هەلومەرجێك دا کە هەموو دەنگێك لـە ئێرانـدا خەفـە کرابـوو، دەزگاکـانی راگەیاندن‌و رۆژنامەکان کەوتبوونە ژێـر رکێفـی دەسـەڵاتی کۆنەپەرسـتی‌یەوە ئـەم رادیۆیـە دەبـوو ببێتـە دەنگـی هـەموو ئـازادیخوازان‌و تێکـڕای ئـەو کەسانەی کە دەنگیـان بـە هـیچ کـوێ نەدەگەیشت.

بـەم جـۆرە ٢٧ سـاڵ لەمەوبـەر لـە رۆژی ٢٧ی جـۆزەردانی ١٣٥٩دا خـەڵکی کوردسـتان‌و ئـازادیخوازانی ئێران گوێیان بـە دەنگێك ئاشنا بـوو کـە بـە حـەق بـوو بـە هـاورێی هەمیشـەیی‌یان. دەنگێـك کـە لـە کـاتی بڵاوبوونـەوەی یەکـەم بەرنامەیـەوە تـا ئێسـتا هـەوڵی داوە راسـتییەکان بـە گـوێی خـەڵك بگەیـەنێ‌و بـۆ دیفـاع لـە مافـە نەتەوایەتی‌یـەکانی گـەلی کـوردو پەرەپێـدانی بـیری ئـازادی‌و دیمۆکراسی‌و مافی مرۆڤ شێلگیرانە لـە مەیدانی خەبات دا بمێنێتەوە.

هاورێیانی بەڕێز!

لـە مـاوەی ٢٧ سـاڵی رابـردوودا، کۆمـەڵێکی بەرچـاو لـە هاورێیـانی حیزبـی ئـەرکی راپەڕانـدنی کـاری رادیۆیـان لـە بەشـە جۆراو جۆرەکانی نووسـین، زەبـت، پـەخش‌و بێسـیم‌و پارێزگاری‌دا بە ئەستۆ بووە، بێگومان ئەگەر ماندوو بـوونی ئـەوان لـە هـەموو ئـەو سـاڵانەدا نەبوایـە ئـەم ئەرکـە بـە ئاسانی بەڕێوە نەدەچوو. لەگەڵ رێـزو سپاس بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە هـەرکام لـە بەشـێکی رادیـۆدا کاریـان کـردووەو بـە جۆرێـك یارمـەتیی دامەزرانـدن یـا بەرێوەچـوونی بەرنامەکانی رادیۆیان داوەو بەداخـەوە نـاتوانین نـاوی هـەموویان بێـنین، بـە پێویستی دەزانم وەك سومبولێك لەهەر دەورەیەکی کاری‌و وەك نوێنـەری ئـەو هاورێیانەی هاوکارییان کردووین، یادو سپاسـی ئـەو بەرێزانـە بکەینـەوە کـە راستەوخۆ بەرپرسایەتیی بەرێوەبردنی رادیۆیان بـە ئەسـتۆ بـووە. بێگومـان یادکردنەوەی شەهید دوکتور قـاسملوو لە سەروو هەموانـەوە کـە ماندووبوون خـەمخۆریی ئـەو هانـدەرێك بـوو بـۆ دامەزران‌و بـەپێز بـوونی بەرنامـەکان‌و هەروەها شەهید دوکتور شـەرەفکەندی کـە دەوری کاریگـەری لـە رێـك‌و پـێکتر کردنـی کـاری رادیـۆدا هـەبووو هەسـتی ئـەرك وەخـۆگری‌و هانـدانمان بـۆ باشـتر بەرێوەبردنی ئەرکەکانمان تێدا بـەهێز دەکـا. هـەروەها بـەرێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاك موستـەفا شەڵماشـی، کـاك فـەتاح کاویـان، خوالێخۆشبوو کـەریم حیسامی، کـاك حەسـەن شەرەفی، کاك بابا عەلی مێهرپەروەر، کـاك عوسمـان رەحیمـی، کاك عومـەر باڵـەکی لـەو تێکۆشـەرانەن کـە هـەرکام بۆ ماوەی چـەند ساڵ یـا چـەند مـانگ ئـەرکی بـەرێوەبردنی رادیۆیـان بـە ئەسـتۆوە بـووەو کاریگـەریی خۆیـان لەسـەر باشـتر بـوونی بەرنامەکانی رادیۆ داناوە.

بەرێزان!

لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابـردوودا، رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان پـێ بـەپێی پێشـمەرگەو خـەڵکی خـۆڕاگری کوردسـتان لەگـەڵ سـەنگەرەکانی شـەری بـەرگری‌دا ماوەتـەوەو لـەو ماوەیـەدا زۆرجار مەجبور بووە جێگە بگۆرێ بەبێ ئـەوەی بـۆ سـاتێکیش دەنگی بوەستێ. ئەمە شانازییەکە بۆ حیزب‌و ئەو هاورێیانـەی کـە لـەو هەلومەرجـە سـەختانەدا، فرسـتەندەی رادیۆیـان وەك کۆرپەلەیـەك لـە بـاوەش دا بـووە، دەزگاکـانی رادیـۆ خۆشەویسـتەکەیان لەسـەر شـانان دەگواسـتەوەو بـە خـوێن دەیانپاراست‌و بە ئارەقەی لەشیان فێنکیان دەکردەوە.

دوای داسـەپانی دوولـەت بـوون بەسـەر حیزبـە خۆشەویسـتەکەمان دا لێزانـی‌و ئـەزموون‌و کـۆڵ نـەدانی ئـەو هاورێیانەی کە لە مێژ ساڵ بوو لەگەڵ فرستەندەی رادیۆ وەك هاورێ‌و برا ژیا بوون، نەیهێشت رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان لـە گـوێگرە ئەمەگناسـەکانی دابـبڕێ‌و بـە کـەڵك وەرگـرتن لـە ئیمکانـاتێکی زۆر مەحـدوود کـاری رادیۆیـان درێـژە پـێ‌دا. لـەو کاتەوە ئـەم رادیۆیـە رۆژانـەو بـە بـەردەوامی ئـەرکی گەیانـدنی پەیامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە گوێی گوێگرانی بـەجێ گەیاندوە.

جێـی خۆیـەتی لـە جیـاتی هـەموان سپاس لـە زەحمـەت‌و ماندوو بـوونی تێکـرای ئـەو هاورێیانـە بکـەم کـە لـە جێبـەجێ کردنی ئەو کارەدا بەشداربوون‌و شەویان خستوەتە سەر رۆژ بـۆ ئـەوەی پێوەنـدی پـیرۆزی حیزبەکـەمان‌و خـەڵکی کوردسـتان بەردەوام بێ.

ئـەم جـارەو لـەم دەورە لـە خـەباتی راگەیانـدنی حیزبـدا، رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان جگـە لـە ئەرکـەکانی پێشـووی، هەڵگری پەیامێکی نوێیە لە قۆناغێکی نـوێی ژیـان‌و تێکۆشـانی حیزبەکەمان لە مەیدانی خەباتی رەوای گەلەکەمان بـۆ گەیشـتن بە ئازادی‌و ئامانجـە نەتەویی‌یـەکانی‌دا. هەرچـەند رادیـۆ لەگـەڵ هەموو گیرو گرفتەکانی بەرنامـەکانی بێکـەم‌و کـووڕی نـەبووە، بەڵام ئەوەندەی کادرەکانی بەشی فەننی رادیۆ هەڵیان داوە لـە قـەدەر ئیمکاناتیـان دەنگـی رادیـۆ باشـتر بگەیەننـە گـۆێگرانی رادیۆ، تێکۆشەرانی بەشـی بەرهـەم بـە خەمـەوە بـوون پـەیامی ئاڵوگۆڕەکان‌و هەوڵەکانی نوێ بوونەوەو هەنگاو هەڵێنان بـەرەو خـەباتێکی نـوێی فیکـری‌و سیاسـی‌و تەشـکیلاتی بـە گـوێی گـوێگرانی رادیـۆ بگەیـەنن‌و ئـەوان لەگـەڵ بـاس‌و ئەرکـە زەروورییەکانی ئەم قۆناغە لە خەباتی خەڵکی کوردستان ئاشـنا بکەن.

بێگومان لە سەردەمی ئێستاداو وەك رابـردووی رادیۆکـەمان دەبـێ هـەڵ بـدەین پیرۆزیـی ئـەرکی راگەیانـدن بپـارێزین، لـەو بارەیەوە کە پێویستە راستگۆیانە لەگەڵ خەڵك بدوێین. نەتەنیا خـۆ لـە دروشمـی نـاواقیعی‌و شـانتاژو چەواشـەکاری بپـارێزین، بەڵکوو راستی‌یەکان بە خەڵك بڵێین‌و واقعیەتەکانی دەورووبەری خۆمان بەو جۆرە کە هەن بخەینە بەر چاویان. بەم جۆرە رادیـۆ وەك یەکێك لە کەرەسەکانی راگەیاندن دەتوانـێ هـەم متمانـەی خـەڵکی لـە پشـت بـێ‌و هـەم ببێتـە سەرچاوەیەك بـۆ زانیـاریی خـەڵك‌و گوێگرەکـانی بـۆ تێگەیشـتنی دروسـت سـەبارەت بـە رووداوەکـان‌و دیـاری‌کردنی رێرەوێکـی روون بـۆ شـێوەی بیرکردنەوەیان.

جارێکی دیکەش سپاس بـۆ زەحمـەت‌و تێکۆشـانی تێکـڕای هاورێیانی رادیۆ، سپاسی ئێوەی بەرێزیش دەکەم کە لەشـادیی ئەواندا بەشدارن.

---

*درێژەی*

## ٢٧ ساڵەی دەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان

سـەرجەم ئـەم کەموکووڕییانـەو زۆر کەموکووڕیی دیکەش ئەمڕۆکە رێگرن لـەوە کـە ئـەم راگەیەنـە وەك راگەیـەنێکی گشـتگیر کـە خـاوەنی بـەردەنگێکی زۆر بـێ لـە مەیـدانی راگەیاندنی کوردی‌دا دەرکەوێ. بۆ ئەوەی ئـەم راگەیەنە وەك قۆناخی دامەزرانی بتوانـێ ببێتـە خـاوەن پێگەیـەکی بـەرین‌و سەرچـاوەیەکی گرنگی هەواڵ‌و زانیـاریی جۆراوجـۆر (بەتایبـەت لـە راسـتای ئامانجـەکانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی‌دا) پێویستە رێفـۆرمێکی هەمەلایەنـە لـە هـەموو بوارەکـانی کاری خۆی‌دا پێك بێنێ.

دیارە کە باس لە کەموکووڕییـەکانی رادیۆ، ئەویش لە ساڵرۆژی دامەزرانی‌دا، دەکەین، بـەو واتایە نیە بمانهەوێ چاو لـەو کاریگـەری‌و ئـەو دەورە بپۆشـین کـە بـە تایبـەت لـە سـەرەتای دامـەزرانی‌و قۆنـاغی بـەرگریی چـەکدارانەی حیزبـی دیمـوکرات‌و خـەڵکی کوردسـتان دا هـەیبووە. بـە هـەق دەتـوانین بڵـێین رادیـۆی دەنگی کوردستان لە زۆربەی ماوەی تەمـەنی‌دا وەك پێشـمەرگە لـە سـەرنگەردا بـووە، ئـاگرو ئاسـنی بەسـەردا بـاریوەو بـە لانـی کـەمی پێرسـۆنێلی پـەروەردەکراو و پسـپۆر لـە بـاری راگەیاندنـەوەو، بـە کـەمترین پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانی، جێگایـەکی دیـارو شـیاوی ئافـەرینی لـە مێـژووی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان‌و خـەباتی نەتەوەکـەمان لـە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بۆ خۆی کردۆتەوە.

لـە یـادی دامـەزرانی رادیـۆی دەنگـی کوردستاندا، رێز لە پێشـمەرگەکانی سـەنگەری راگەیانـدن‌و هـەموو ئـەو تێکۆشـەرانەی لـەم سەنگەرەی خەباتی حیزبی دیموکرات‌و خـەڵکی کوردسـتان دا رەنجیـان کێشـاوەو فیـداکارییان کردوە دەگرێن. هیوا دەخوازین رادیۆی دەنگی کوردسـتان بـە خۆرێکخسـتنەوەی دووبـارەو پێکهێنـانی رێفـۆرم لـە سـەرجەم بوارەکـانی تێکۆشـانی‌دا، بتوانـێ هەرچـی زیـاتر ببێتـە راگەیـەنێکی جـەماوەریی خۆشەویسـت‌و تریبونێکی بەهێزتر بـۆ بڵاوکردنـەوەی گوتـاری نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستان دا.

سەربەرزی بـۆ رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان‌و تێکۆشەرە ماندوویی نەناسەکانی

سەرکەوتن بـۆ ئامانجـەکانی ئـەم رادیۆیـەو خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان

پێرسونێل‌و کارگێڕانی رۆژنامەی
"کوردستان" ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٦
١٧ ژوئەنی ٢٠٠٧

---

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب‌و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## مەهاباد

### چالاکیی تێکۆشەرانی نهێنیی حیزب

ڕێکەوتی ٨٦/٣/٢٤ تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب لە مەهاباد بڵاڤۆکەکانی حیزبی بە تایبەت بۆلتەنی کۆنگرەیان لە مەیدانی شۆڕش‌و مەیدانی سەعات‌و باخی شایەگان‌و دەوروبەری‌و گەڕەکی پشت تەپی شاری مەهاباد بڵاو کردۆتەوە.

ئامانج لەو چالاکییە ئاگادارکردنی خەڵك‌و لایەنگرانی حیزب لە باس‌و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی چواردەیەمە.

## بانە

### تەقینەوەی مین دیسان قوربانی ئەستاند

ڕێکەوتی ١٣٨٦ /٣/٢٠ دوو مێرمندالی خەڵکی "کانی سێوە"ی ناوچەی "حەوتەوانە"ی شارستانی بانە بە هۆی تەقینەوەی "مین" گیانیان لە دەست دا.

قوربانییەکان کە هەر دووکیان خەڵکی کانی سێوەی حەوتەوانەی بانەن لە دەوروبەری گوندەکەیان بەسەر مین دا دەکەون‌و هەر لە جێ دا گیانیان لە دەست دا، ئەوی دیکەشیان لە ڕێگای نەخۆشخانەدا دەمرێ.

مینە چێندراوەکانی دەوربەری بنکە سەربازی‌یەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆو مووچەو مەزرای خەڵك ئێستا بوونەتە هۆی قوربانی بوونی هەزاران مرۆڤی کورد.

## ساین قەڵا

### تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزە ئینتیزامی‌یەکاندا

ڕێکەوتی ١٣٨٦/٣/٢٢ لە مەیدانی "معلم"ی شاری ساین قەڵا خەڵك بە توندی بە گژ هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم دا چوونەوە. تیکهەڵچوونەکە ڕۆژی دواتریش هەر درێژەی هەبووو چەند کەسیش لە خەڵکی ئاسایی لەلایەن هێزەکانەوە گیراون. شایانی باسە پێکهەڵپرژانەکە لەسەر بەڕێوەچوونی گەڵاڵەی بەناو ئیرشادی ڕێژیم کە ئامانج لەو سەرکوتی ئازادییە تاکە کەسییەکانە دەستی پێکرد. پێویستە بگوترێ کە ماوەیەکی زۆرە تەرحی ناوبراو لە هەموو شارەکانی کوردستان لە حالی بەڕێوەچوون دایەو لە لایەن خەڵکەوەش تووشی دژ کردەوەی توند بۆتەوە.

## سەردەشت

### هەڕەشەی پاپەگای کانی‌پیواز لە هەوارچییەکان

بەپێی هەواڵی گەیشتوو، ماوەیەکە ڕێژیم لە کوێستانەکانی بێورانی سەردەشت فشاری بۆ هەوارچییەکانی جەماڵەدین‌و مێرگە درێژان هێناوە کە لە سنوور نزیك نەبنەوە، ئەگینا تەقەیان لێدەکرێ. ئەم هەڕەشەیە لەلایەن پایەگای کانی پیوازەوە کراوەو ناهێڵن خەڵك بۆ بەرزاییەکانی دووپەزەو گۆڕێلکێ بچن. ساڵان خەڵکی کاسبکار لەو سنوورە کەڵکیان وەردەگرت، ئێستا لەبەر تەقەی بێ‌هەدەفی هێزەکانی ڕێژیم بە شەویش هاتوچۆی کاروانچییەکان لەگەڵ مەترسی بەرەوڕوویە.

## سنە

### ڕێگە لە بەڕێوەچوونی دەورەی زمانی کوردی دەگیرێ

ماوەیەکە ژمارەیەك لە کارمەندانی ڕێکخراوی "بهزیستی" لە ڕێگای دانانی NGOیەکەوە دەستیان کردوە بە دانانی کلاسی زمانی کوردی. لەم پێوەندییەدا ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە بە ئاگاداربوون لەو بابەتە بەو بیانوویە کە لەو کلاسانەدا باسی سیاسی‌و حیزبی دێموکرات دەکرێ ڕێگەیان لە درێژەی بەڕێوەچوونی ئەو کلاسانە گرتوە. شایانی باسە ئەم NGOیە لەلایەن ئەم کەسانەی خوارەوە دامەزراوە: سارا تابش، رامش ساعیدی، سروە عەلیخانی.

## سنە

### تەرمی پارچە پارچە کراوی لاوێك لە "پارکی کودك" دۆزرایەوە

ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردان لە پارکی منداڵان کە لە بناری کێوی ئاویەر هەڵکەوتوە تەرمی پارچە پارچە کراوی لاوێك دۆزرایەوە. بە پێی زانیارییەکان ئەم لاوە کە ناوی کاوە محەممەدییە دوای ئەوەی کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژراوە تەرمەکەی پارچە پارچە کراوەو فڕێ دراوە. ناوبراو کارمەندی نەخۆشخانەی بەهشتیی شاری سنەیەو لە گەڕەکی تەپەی کەرباسچی نیشتەجێ بووە. تا ئێستا هۆکاری ئەم تاوانە ڕوون نەبۆتەوە. بەڵام گومان دەکرێ لەلایەن گرووپە بونیادگەراکانەوە کوژرابێ.

شایانی باسە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا گۆڕی ژمارەیەك لە پیاوانی ئایینی‌و شێخەکانی پارێزگای سنە لەلایەن گرووپی ئەنساروالئیسلامەوە تەقێندراوەنەتەوە یان سووتێندراون. ناوی ژمارەیەك لەم شوێنانە بریتین لە گۆڕی شێخ عەبدڵڵاو کۆسەی هەجیج .

### ڕاپۆرتێك لە سەر بارودۆخی شاری سنەوە

ماوەیەکە دووبارە پارازیت خراوەتە سەر ئەو کاناڵە کوردی‌و فارسییانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ڕێژیم پارازیتی نەخستۆتە سەر ئەو کاناڵانەی ناوی دژە ئەخلاقیی لێ ناون (بە تایبەت کاناڵە عەرەبییەکان). دیارە ئامانجی لەو کارەش دوورخستنەوەی خەڵك‌و بەتایبەت لاوەکان لە پرس‌و بابەتە سیاسییەکان‌و بێ‌ئاگا هێشتنەوەی ئەوان لە ماف‌و ئازادییەکانیانە.

ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە ئاگادار کراوەتەوە ئەو کارمەندانەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نەچوونەتە سەر گۆڕی خومەینی، ئەمساڵ ناچار بکرێن ئەم کارە بکەن.

### لە شاری سنەش وەك هەموو شارو ناوچەکانی دیکە سەرکوتی ژنان‌و لاوان درێژەی هەیە

هێزی "گەشتی ئیرشاد" ڕۆژانە لە شەقامەکانی شار ڕێگە لەو ژنانە دەگرن کە بە گوتەی ئەوان "بەدحیجاب"ن‌و بێ‌حورمەتییان پێدەکەن، ئازاریان دەدەن یان دەستبەیەریان دەکەن. تەنانەت ڕێگە بە ژن‌و پیاوانەش دەگرن کە پێکەوە هاتوچۆ دەکەن‌و داوای بەڵگەی هاوسەرێتیان لێدەکەن. بە گشتی سەرکوتی ژنان‌و لاوان‌و سەرکوتی ئازادییە تاکە کەسییەکان بۆتە کارێکی ڕۆژانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم.

### ـ خەڵکی هەژار ژیانی خۆیان‌و منداڵەکانیان دەخەنە مەترسییەوە

بەپێی زانیارییەکان ژمارەیەك لە ماڵە هەژارەکانی شاری سنە لە بەرامبەر وەرگرتنی ڕادەیەك پارەدا ئامادەییان نیشان داوە ئانتێنی بەهێز کردنی ڕایەڵکەی موبایل لە نزیك ماڵەکانیان دابنرێ. شایانی باسە بەپێی توێژینەوەکان ئەم ئانتێنانە زیان بە سلامەتیی خەڵك دەگەیەنن.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات



درێژەی لاپەڕەی١

### بە بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە (همایش)ی پاریسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەڕێوەچوو

ئەو هەمایشە درێژەی کۆبوونەوەی هاوچەشنی لەندەن‌و بیرلین بوو کە سەرەتا بە هەڵبژاردنی لێژنەی بەڕێوەبەری لە ڕێگای دەنگ دانەوە بەڕێوەچوو، ئەو لێژنەیە بریتی بوون لە: ١ـ شەهلا عەبقەری، ٢ـ د. حوسێن باقرزادە، ٣ـ حجەت نارنجی، ٤ـ عەلی ئاوێنە(یاریدەدەر)، ٥ـ فەتحیە زەرکش(یاریدەدەر).

یەکەم ڕۆژ بۆ خوێندنەوەی هەڵوێست‌و بەیاننامەی حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتییەکان تەرخان کرابوو کە لە لایەن هەیئەتی حیزبەوە بەڕێز کاوە ئاهەنگەری وتاری حیزبی خوێندەوە. دەقی ئەم وتارە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دایە

لە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەدا ئەم حیزب‌و ڕێکخراوانە وتاریان پێشکەش کرد:

کاوە ئاهەنگەری(حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ناهید بەهمەنی(کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان)، شاهۆ حوسینی(حدکا)، حەسەن کیانزاد(حزب همبستگی ایرانیان)، جنبش ملی دموکراتیك، بیژن کریمی(جبهە آشتی ملی)، حمزە بایزیدی(کنگرە ملل ایران فدرال)، ایمان فروتن(جنبش ملی ایران)، امیرفرشاد ابراهیمی(نوێنەری آیت الله بروجردی).

وەك کەسایەتییش ئەم کەسانە وتاری خۆیان پێشکەش کرد: جەمشید تاهیری، ماشاڵڵا سەلیمی، حەسەن چاوشی، ویکتوریا ئازاد،حەسەن ماسالی، حوسێنی باقرزادە، کامبیز روستا. بە دوای ئەم وتارانەدا بەشداران بەسەر سێ کۆمیسیۆن دا دابەش کران کە هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەر سێ کۆمیسیونی سیاسی، تەشکیلاتی‌و "هویت"دا بەم شێوەیەی خوارەوە بەشدار بوون:

سارا موحەممەدی(کۆمیسیونی هویت)

کاوە ئاهەنگەری(کۆمیسیۆنی سیاسی)

کەماڵ شەمامی(کۆمیسیۆنی تەشکیلات)

شایانی باسە کە هەیئەتی حیزب لەهەر سێ کۆمیسیۆندا بە جیدی‌و چالاکانە بەشدار بوون‌و لە باسەکانیان دا بە ڕوونی بەرگرییان لە ماف‌و داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران دا دەکرد.

لە پەراوێزی ئەم هەمایشەدا هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاویان بە ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان کەوت. کۆمەڵێك وتووێژیش لەگەڵ هەیئەتی حیزب کراون کە بە شێوەی خوارەوە بوون:

ڕۆژی یەکەم سارا موحەممەدی لەگەڵ تەلەفزیونی دەنگی ئەمریکا بەشی فارسی.

وتووێژی سارا موحەممەدی‌و کاوە ئاهەنگەری لەگەڵ No jay William R. پارێزەرو ڕاوێژکاری ئەمریکایی(Attorney and counselor)و Kenneth Timmerman لە بنیات News Max Media

ڕۆژی دووهەم کاوە ئاهەنگەری، سارا موحەممەدی‌و کەماڵ شەمامی لەگەڵ ڕادیۆی ئیسرائیل.

ڕۆژی سێهەم وتووێژی سارا موحەممەدی‌و کاوە ئاهەنگەری لەگەڵ ڕادیۆی فەردا.

دوای سێ ڕۆژ کاری بەردەوام هەر کۆمیسیۆنە بەیاننامەی تایبەت بە خۆی ئامادە کرد کە دەبوو لە لایەن بەشدارانی هەمایشەوە بە تەئیید بگا، بەڵام شایانی باسە کە هەیئەتی حیزب دەنگی ئەرێنیی بە هیچ یەك لە بەیاننامەکان نەداوە، بەهۆی ئەوەی کە هەرسێ بەیانیە، ناوەرۆکیان لە هێندێك شوێن دا بە پێچەوانەی ویستی گەلی کورد لە ئێراندا بوون و زیاتر هەوڵ درابوو بۆ مسۆگەر کردنی سیستم‌و دەوڵەتی ناوەندی‌و لە زۆر شوێن دا بە کەمی باس لە نەتەوەکانی ژێر دەستی ئێران کرا بوو، هەیئەتی حیزب لە دانی دەنگی ئەرێنی خۆی پاراست. شایانی باسە کە کومیسیۆنێك بۆ پێداچوونەوە بە هەندێك چەمك‌و واژەو بابەتی گرینگی سیاسیی جێگای ناڕەزایەتیی نەتەوەکانی ژێر دەستی ئێران پێك هات کە لە داهاتوودا بەرهەمی کاری خۆی دەداتەوە بە لێژنەی هەماهەنگیی هەمایش.

## سۆئێد ( سکۆنە )

### سەردانی شاندێکی کۆمیتەی حیزب لە لقی ناوچەی سکۆنەی پارتی دێموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/١٠ شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سکۆنەی باشووری سۆئێد بە سەرۆکایەتی کاك مستەفا مامە قالە چاویان بە هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی کوردستان لقی ناوچەی "سکۆنە" بە سەرۆکایەتیی بەرێز دوکتور قیسمەت کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا کە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند، سەرەتا شاندی حیزب تیشکیان خستە سەر بارودۆخی نێوخۆی حیزب‌و ئەو لەت بوونەی کە بە سەر حیزبەکەمان داسەپا. پاشان بە وردی باس لە سیاسەت‌و ستراتیژیی حیزب سەبارەت بە پێویستیی پێوەندی‌و هاریکاری لەگەڵ حیزب‌و ڕێکخراوە کوردی‌و کوردستانییەکان‌و هاوپەیمانێتیی هەموو هێزە کوردستانی‌یەکانی هەر چوارپارچە بەتایبەت زیاتر لێك نزیك کردنەوەی ڕێکخراوە مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی سەربە هەردوو حیزب کرا.

پاشان سەرۆکایەتیی حیزبی خانەخوێ خۆشحاڵیی خۆی بۆ دەستپێشخەریی هاورێیانی حیزبی دەربڕی‌و ڕابردووی دۆستایەتیی‌و هاوپەیمانێتیی هەردوولا لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا ئاوڕی لێ درایەوە.

## بەشداری لە پێنجەمین کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پێشوو)

ڕۆژی ١١ی ژووئەنی٢٠٠٧ ی زایینی و ڕۆژەکانی دواتر ئاسۆی حەسەن زادە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئەندامەتی لە هەیئەتێکدا کە لەلایەن فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی کەمایەتی‌یەکان ڕەوانەی پێنجەمین دانیشتنی شووڕای مافی مرۆڤ (کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پێشوو) کرابوو، لە کۆبوونەوەکانی ئەمجارەی ئەم شووڕایەدا لە ژنێڤ بەشدار بوو.

بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمجارەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەتا ڕۆژی 18ی ژووئەن درێژەی دەبێ، جگە لە هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی هێندێك لە دەوڵەتانی ئەندام لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، بۆ کۆمەڵێك پرسی تێماتیك وەك ڕەگەزپەرستی، مافی مرۆڤ و هاپێوەندیی نێونەتەوەیی، سەربەخۆیی دادوەر و پارێزەرەکان، هەژاریی لە ڕادەبەدەر، جێ و ڕێی شیاو، مادده بێهۆشکەرەکان، قاچاغی مرۆڤەکان، و ... هتد تەرخان کراو.

لەو دانیشتنەدا هەروەها بڕیار لەسەر ساغکردنەوەی ئەو مێکانیزمە تایبەتی‌یانەی دیفاع لە مافی مرۆڤ دەدرێ کە پێشتر لە چوارچێوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤدا کاریان کردوە و بەهۆی ریفۆرمی کۆمیسیۆن و دامەزراندنی شوورای تازە هێشتا چارەنووسیان ساغ نەکراوەتەوە. لەو چوارچێوەیەدا ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و ئەندامانی دیکەی هەیئەتی فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی کەمایەتی‌یەکان بەتایبەتی لە پێناوی مانەوەی گرووپی کاری کەمایەتی‌یەکان چالاکانە لەگەڵ وەفدەکانی دیکە ئاڵوگۆڕی بیرورایان کرد.

شایانی باسە فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی کەمایەتی‌یەکان ئەندامی ڕاوێژکاری شووڕای ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:**

# ئەو دەوڵەتانە کە قازانجیان لە وەزعی عێراقێدا کەوتۆتە خەتەرەوە، ئیستقراری عێراقی وەکوو نموونەیەك لە رێژیمێکی تازەو نەوعێك دێموکراسی لەو مەنتەقەیەدا بە زەرەری خۆیان دەزانن


*رۆژی دووشەممەی ٧/٣/ ١٣٨٦ هەر دووك وڵاتی ئێران و ئەمریکا لە بەغدای پێتەختی وڵاتی عێراق بە شێوەی رەسمی پێکەوە دانیشتن و سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی عێراق و کێشە پێوەندیدارەکانی هەردوولا وتووێژو دانوستانیان کرد. بۆ تیشك خستنە سەر لایەنەکانی ئەم دانیشتنە و دەرەنجامەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان دیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێك هێناوە. لە بەرگرنگی ئەم دیمانەیە "کوردستان" بە پێویستی زانی دەقی ئەو دیمانەیە بخاتە بەرچاوی خوێنەرانی.*

**○ بەرێز مامۆستا! بە خێر بێن بۆ ستۆدیۆی رادیـوی دەنگی کوردستان. وەك ئاگادارن رۆژی دووشەممە حەوتی جۆزەردان دوو وڵاتی ئەمریکاو ئێران لە ئاستی سەفارەتەکانیان لە بەغدا کۆ بوونەوەو لە سەر هێندێك مەسائیل قسان بکەن وەك راگەیەنەکان باسی لێوە دەکەن گۆیا زیاتری باسەکانیان و نێوەرۆکی باسەکانیان مەسائیلی ئەمنیەتیی عێراق و باروودۆخی ئێستای عێراق بووە. حەز دەکەین جەنابت بیرو بۆچوونی خۆتان لەو بارەیەوە دەربڕن.**

● سپاست دەکەم بۆ تەرتیب دانی ئەو وتووێژە. هەر لەو رێگەیەشەوە سڵاویش لە گوێگرەکانتان دەکەم. بە باوەڕی من ئەو مەسەلەیە دوو جەنبەی هەیە بەشێکیان کە مەربووتە بە ئەمریکاییەکان بەبێشك مەسەلەی ئەمنییەت لە عێراق دا بۆیان موهیمەو ئەوەی ئەوان لە ئێرانی دەخوازن ئەوەیە کە کۆمەك بکا بە زمانی دیپلۆماسی بە ئەمنییەت لە عێراقێدا کە ئەگەر بیشیکەینە زمانێکی خۆمانە یانی دەست لە دەستێوەردان و خرابکاری لە عێراقێدا هەڵبگرێ. بەڵام لایەنی ئێرانیش بە بێشك قازانج و مەنافیعی خۆی هەیە، زۆر مەعقوول نیە کە بڵێین لایەنی ئێرانی هەر دێ گوێ بۆ قسەکانی ئەمریکا رادەگرێ و بێ ئەوەی هیچ ئینتیزاراتێکی لەوی هەبێ. چونکی وەکوو سەدجار گوتراوە ئەگەر ئەمریکا دەیهەوێ شەڕی تیرۆریزم لە عێراقێدا بکا ئێرانییەکانیش وا دیارە دەیانهەوێ شەڕی ئەمریکا لە عێراقێدا بکەن. کە وابێ ئەوانیش حەتمەن داخوازییان هەن کە هەر چەند تا ئێستا ئیعلان نەکراون بەڵام هیچ مەنتیقێك نابینم لەوەی دا کە ئەوان حەتتا لەو یەکەمین دەوری وتووێژانەدا داخوازییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکاییەکان نەهێنابێتە گۆڕێ. بە بێشك ئێرانییەکانیش داوای ئەمنیەتی خۆیان دەکەن داوای قەتعی ئەو خەتەرانە دەکەن کە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە "بالقوە" لە سەر ئێرانێ هەیە. کەوابێ دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دەوری دیکە هەیە بۆ ئەو وتووێژانە کە بە ئیحتیمالی زۆر هەم ئەمریکا رەنگبێ پێویستی بە ئیدامەی ئەو وتووێژانە هەبێ هەم بۆ ئێرانیش سەرەڕای هەموو ئەو چاوڕاوانە کە دەیکەن و خۆ بە زل زانین و هەڕەشەو گوڕەشانە ئیحتیاجیان بەوە هەیە کە لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە جۆرێك لە جۆران رێك کەون و ئەو خەتەرانەی کە لە سەر خۆیان ئیحساسی دەکەن رەفع کەن. جا دەبێ بزانین وتووێژەکانی ئایندە چیان لێشین دەبێتەوە ئەو وەختی پیاو زیاترو چاکتر دەتوانێ قەزاوەتی لە سەر بکا.

**○ مامۆستا چەند رۆژ پێش ئەوەی کە وتووێژەکان دەست پێبکەن هێندێك لە بڵاوکراوە کوردییەکانی ئێرە باسیان لەوە کرد کە ئێرانییەکان لە وتوێژەکانیان لەگەڵ ئەمریکاییەکان دا باس لە مەحدوود کردنەوەی چالاکیی ئوپوزیسیۆنی ئێرانی و بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، پێت وایە ئەم دانیشتنانە لەو ئاستەدا بتوانێ کاریگەرییەك بخاتە سەر چالاکیی ئەو هێزانە ؟**

● من پێم وایە پێك گەیشتنی ئەمریکاو جمهووریی ئیسلامی زۆر کارێکی ئاسان نیە. ئیختیلافی نەزەریان لە زۆر شتدا هەیە. بە باوەڕی من ئەوەی کە خواستەکان و داخوازەکانی ئێران لە ئەمریکا هەر پێوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنی کوردیو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە هەیە رەنگبێ لە تەحلیلی نەهاییدا پێوەندیی بە کورد لە عێراقیشەوە دا هەبێ، چونکە بە پێچەوانەی ئەو ریابازییە کە سەرانی جمهووریی ئیسلامی دەینوێنن بە هیچ جۆر لەو وەزعە کە لە کوردستانی باشووریش پێك هاتووە خۆشحاڵ و خۆشنود نین، ئەگەر بۆیان بکرێ کۆسپ دەخەنە سەر رێی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقێشدا کە وابێ رەنگبێ خۆشبینانە بێ یان واقیعبینانە نەبێ ئەگەر بڵێین لەگەڵ ئەمریکا دادەنیشێ وتووێژ دەکا. بەڵام مەسەلەی ئۆپۆزیسیۆن، ئەمن ناڵێم بەتایبەتی کورد، رەنگبێ سەحیحتر بێ بەتایبەتی بڵێین موجاهیدین چونکی حەساسییەتیان بە وان پترەو ئەوانیش کە لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزیدا دادەنیشن، حەتمەن لە سەر ئەوەش ئەوان قسان دەکەن. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو تەفسیرانە چۆن دەبێ. بە بێشك پێك گەیشتنی ئەمریکاو ئێران حەتمەن بەستراوەتەوە بەوەی کە هەڵوێستی ئەمریکاو دەوڵەتی عێراقێ بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە عێراق چ دەبێ. ئەو قسەیە منی وەبیر وتووێژێك خستەوە کە ساڵی ١٩٧٥ پێش رێککەوتنی ئەلجەزایر لەگەڵ محەممەد رەزا شا لەگەڵ پاشای ئەو وەختی ئێرانییان کرد. خەبەرنگارێك لێی پرسی کە خەڵکی پێی وایە ئێوە دەتانهەوێ موعامله بە کوردەکان بکەن، ئێوە ئەو بیروبۆچوونە چۆن لێك دەدەنەوە تا چەندە ئەوەی تەئید دەکەن یا رەت دەکەنەوە؟ شا گوتی: وەڵڵا ئێمە خۆ نامانهەوێ کوردەکان بفرۆشین بەڵام وەختێك دوو تەرەف رێك دەکەون تەرەفی سێهەم شتێك هەر دەدۆڕێنێ، کە بەداخەوە دیتمان شتەکە زۆر لەوە زیاتر بوو کە تەنیا شتێك بێ، بەڵکوو بەجارێك پشتی بزووتنەوەی کوردیان بەرداو لە واقیعدا لە پشتەوە را خەنجەریان لێدا بە جۆرێك کە بزووتنەوەی کورد مەجبوور بوو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە پاشەکشە بکاو نوشستێکی گەورەی بەسەر داهات. ئێستاش هەر وایە بە بێ شك ئەگەر ئەمریکاو ئێران رێك کەون حەتمەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردو غەیری کوردەوە رەنگبێ هێندێك موشکیلاتی بۆ بێتە پێشەوە. بەڵام ئەو موشکلاتەش هەر نابێ کە جارو بار لە تاریخ دا رووی داوە بەتایبەتی لە نێو دەوڵەتەکانی مەنتەقەدا کە تێکۆشەرانی لایەنی موقابیل بگرن و تەسلیمیان بکەنەوەو ئەوانە. بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین ئەگەر ئەوان رێك کەون هێندێك مەحدوودییەتیش بە کوردو غەیری کوردەوە بێتە پێشێ ئەگینا زۆر خۆشبینانە دەبێ زۆر ساویلکانە دەبێ کە بڵێین ئێرانییەکان دێن رێك دەکەون لە سەر ئەمنییەتی عێراقێ بێ ئەوەی لەو بارەوە ئەوان هیچ شەرتێك هیچ داخوازییەك بێننە گۆڕێ.



**○ مامۆستا! دوای ٢٧ ساڵ پێم وابێ ئەوە یەکەم دانیشتنە ئێران و ئەمریکا بە شێوەی رەسمیو بە ئاشکرا دەیکەن. هێندێك لە چاوەدێرانی سیاسی ئەم دانیشتنانە بە گشتی وا لێك دەدەنەوە ئەوە نەوعێکی دەستەوەستانیو زەبوونیی ئەمریکاو نەوعێك ئیمتیاز دانی ئەمریکا بە ئێرانە چونکە ئێران رۆڵێکی کارای هەیە لە تێکدان و لە سەقامگیریی عێرا قدا؟**

● لەو بارەیەوە من هێندێك نەزەرم هەیە ئەوەڵەن رەنگە بتوانین ئەوە بە رەسمیو بە ئیعلان کردن یەکەمین دانیشتنیان بێ بەڵام یەکەمین دانیشتنی بەینی ئەمریکاو ئێرانێ نیە داستانی ئێران کۆنترالمان لە بیرە کە سەرەڕای ئەو شیعارانەی کە ئێران دەیدان سیلاح و وەسایلی یەدەکیی هەواپەیماکانی دەکرێ لە ئەمریکا، لە شەڕی فەلەستین و ئیسرائیل دا لە لوبنانێ ئەو چەکانە کە ئیسرائیل بە غەنیمەتی گرتبوون لە فەلەستینیەکان، ئێران وەکوو شتێکی حەراجی بە قیمەتێکی زۆر هەرزان لێی کڕینەوە لە گەڵ ئەوە زۆریشی شیعار بەنەفعی فلەستینییەکان دەدا. کەوابێ جاری دیکە دانیشتوون یا لە زەمانی رەئیس جمهووریی کلینتون دا مادلێن ئاڵبرایت لە واقیعدا ئیمتیازێکی زۆر گەورەی دا بە ئێران کە گوتی وەختی خۆی خەتای ئەمریکا بووە کە حکوومەتی موسەدیق رووخاوە و عوزری بۆ ئێران هێناوەو ئەوانە هەموو ئیمتیازاتێك بوون کە دراوە. ئێستاش کە باسی دەستەوەستانی دەکرێ من پێم وابێ ئەوە کەمێك موبالغەی تێدایە کە واقیعبینانە نیە ئەمریکا دەستەوەستان نیە. ئەمریکا ئەگەر بیهەوێ بکەوێتە شەڕێکی سەختەوە رەنگە ئێستاش بتوانێ یان بە سێ حەفتە وەکوو عێراقی یان بە چوار حەفتە یان بە دوو حەفتە جمهووریی ئیسلامیی ئێران وەکوو رێژیمێك دوچاری شکستێکی گەورە بکا، بەڵام، بەبێشك ئەمریکاش موشکلاتی جیدیی لە عێراقێدا هەیە. لەو بارەیەوە دەبێ بڵێین ئەمریکا موشکیلی هەیە نەك ئەوە دەستەوەستانە یا خارو زەلیل و زەبوونە لە موقابیل جمهووریی ئیسلامی دا. لە عەینی حاڵیشدا واقیعبینانە نیە کە ئەگەر ئێمە پێمان وابێ موشکیلاتێك کە بۆ ئەمریکا یان بۆ دەوڵەتی عێراقێ پێك دێ لە عێراقێدا هەمووی ئی جمهووریی ئیسلامییە. نەخێر پاشماوەکانی رێژیمی پێشووی عێراقێ عەناسووری مەربووت بە ئەلقاعیدە، ئەو دەوڵەتانە کە مەنافیعیان لە وەزعی عێراقێدا کەوتۆتە خەتەرەوە عێراقێ، ئیستقراری عێراقی وەکوو نموونەیەك لە رێژیمێکی تازەو نەوعێك دێموکراسی لەو مەنتەقەیەدا بە زەرەری خۆیان دەزانن. ئەوانە هەموویان دەتوانن کاریگەر بن لە تێکدانی وەزعی عێراقێدا بەڵام بەبێشك هەر وەکوو ئێوە باستان کرد ئێران چ بیهەوێ نەخشی باش یاری بکا چ بیهەوێ تێك بدا دەستی زۆر دەڕوا چونکی ئەوەڵەن دەوڵەتێکی گەورەیە بمانهەوێ و نەمانهەوێ دەوڵەتێکی گەورەیە لە پاشان لە هەموو بارەیەکەوە دەستی دەرواو یەکێك لەو ئیمتیازانەی کە ئێران هەیەتی ئەوەیە کە لە باری مەزهەبییەوە پێوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ بەشی زۆری کۆمەڵی عێراقێ هەیە. تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانیش لە باری مەزهەبییەوە شیعەن و نزیکایەتییان لەگەڵ ئێران هەیەو بۆیە شانسی ئەوەی کە وەکوو گوتت بە موسبەت یان بە مەنفی لە عێراق و بە تایبەتی لە بەشی شیعەی عێراقێدا نەخش بازی بکا ئەو شانسەی لە سەرێیە.

**○ وەك دوایین پرسیار خودی عێراقییەکان زۆر چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لەو دانیشتنانە نەبوو. بەڵام وەکوو دەسپێکی لێك نزیك بوونەوەی ئەو دوو وڵاتە باسیان لێ کردوون بۆ نموونە وشیار زێباری باسی ئەوە دەکا کە ئێمە هیچ پێمان وانیە موعجیزەیەك رووبدا بەڵام فورمولی ئەمنییەتیی عێراق پێتان وایە بە چی دەتوانێ ئاکامی باشی لێ بکەوێتەوە؟**

● ئەوەی کە بەڕێز وەزیری دەرەوەی عێراق کاك وشیار زێباری گوتی شتێکی زۆر واقیعبینانەیە ناکرێ دوو رێژیم پاش نزیك بە ٢٨ ساڵ دوژمنایەتیو لێك دووریو

> **ئەمنییەتی عێراقێ تەنیا بە رێککەوتن لەگەڵ ئێران رێك ناکەوێ یانی تەواو نابێ یان تەئمین نابێ بە باوەڕی من تەئمینی ئەمنییەت لە عێراقێدا پێویستی بەوەی هەیە کە عێراق تەئکیدێکی زیاتر بکاتەوە لە سەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێن ئاشتبوونەوە نیشتمانی، ئەو هێزانەی کە لە عێراقێدا کار دەکەن بەشێکی یان رەنگبێ خاریجیو بێگانە بن یەك لەوان ئێرانییەکانن بەڵام بەشێکیشیان ئەو هێزانن کە لە عێراقێدا هەن و خەڵکی عێراقێن و بە جۆرێ لە جۆران ناڕازین**

ئەوانە دانیشن لە یەك جەلەسەدا بە نەتیجەیەکی تەواو بگەن و موعجیزە بخولقێ. شتی وا مومکین نیە. بەڵام وەکوو دەست پێکردن وەکوو هەنگاوی یەکەم پێم وایە هیچیان ئیزهاری ناڕەزایەتییان لێ نەکرد پێیان وابوو موسبەتە لە پاشان پێم وایە گوتم ئەمنییەتی عێراقێ تەنیا بە رێککەوتن لەگەڵ ئێران رێك ناکەوێ یانی تەواو نابێ، یان تەئمین نابێ. بە باوەڕی من تەئمینی ئەمنییەت لە عێراقێدا پێویستی بەوەی هەیە کە عێراق تەئکیدێکی زیاتر بکاتەوە لە سەر ئەو شتەی کە پێی دەڵێن ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. ئەو هێزانەی کە لە عێراقێدا کار دەکەن بەشێکی یان رەنگبێ خاریجیو بێگانە بن یەك لەوان ئێرانییەکانن بەڵام بەشێکیشیان ئەو هێزانن کە لە عێراقێدا هەن و خەڵکی عێراقێن و بە جۆرێ لە جۆران ناڕازین. هەر وەکوو دەوڵەتی عێراقێ و مەسئوولینی دەوڵەتی عێراقێ زۆر جار گوتوویانە پێم وایە بە شێکی زۆریان کە دەگەڵ تیرۆریستەکان و ئەوانە نەبێ کە سەر بە ئەلقاعیدەن، دەگەڵ ئەوانی دیکە دەبێ وتووێژ بکەن و سەعی بکەن ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانی و ئەوەی پێی دەڵێن موسالحەیەکی نیشتمانی ئەوە بکەن، رەنگە ئەوە تەنیا رێگەی تەئمین کردنی ئەمنییەت بە تەواوی لە عێراقێدا بێ. ئەگینا ئەگەر ئینکاری لایەنەکانی دیکە بکرێ لەگەڵ ئێرانیش ئاشت ببنەوە، ئێرانیش دەست لە دەستێوەردانی عێراقێ هەڵ بگرێ ئەوە تەنیا کافی نابێ بۆ تەئمینی ئەمنییەت لەو وڵاتەدا.

# هێرشی تورکیا، هەڕوگیڤ یان واقیعییەت؟

زەردەشت

بەرپرسانی سیاسیو نیزامیی تورک هوشداریان داوە ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشی گریلاکانی pkk بۆ هێرش کردنە سەر تورکیا نەگرێت ئەوا هەڵمەتێکی سەربازیی تاکلایەنە لە دژی چەکداری pkk لە باشووری کوردستان ئەنجام دەدەن.

ئەوە یەکەم ساڵو یەکەم جار نیە کە دەوڵەتی تورک بە کۆکردنەوەی هێزەکانیان لەسەر سنووری باشووری کوردستان، هەڕەشەی هێرشێکی لەم جۆرە دەکەن. هاوینی ٢٠٠٦یش ئێمە شاهیدی ئەو جۆرە هێز کۆکردنەوانە بووین بەڵام دیتمان هەر هەڕوگیڤ بووو هیچی لێشین نەبۆوە.

چ مەبەست گەلێك لە پشت ئەم لێدوانو هەڕەشە کردنانەدا هەیە؟ ئایا زەمینە بۆ هێرشێکی لەو جۆرە لەلایەن تورکیاوە لەبارە؟ کۆسپو ئاستەنگەکانی بەردەم تورکان بۆ پراکتیزە کردنی ئەو هەڕەشانە چن؟

وەڵامی ئەمانەو چەندان پرسیاریتر مەبەستی نووسینی ئەم دێڕانەیە.

سەرەتا با بزانین کۆسپو تەگەرەکانی بەردەم تورکیا بۆ هێرشی دەرەوەی سنوور کامانەن:

١) ساڵی ٢٠٠٣ پرۆسەی ئازادیی عێراق بەڕێوەچوو. کورد وەکوو هاوپەیمانی ئەمریکا ڕۆڵێکی گرینگی لەم پرۆسەیەدا بینی. ئەمریکاییەکان بە دیتنی دیمەنی ڕووخاندنی پەیکەری سەدام حسێن لە تەلەفزیۆنەوە لەو پەڕی غورووری سەرکەوتنو شادیدا بوون. بە گومانی خۆیان شەڕی عێراق کۆتایی هات. بەڵام ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە عێراق بوو بە گۆڕەپانی شەڕی تیرۆریستان لە دژی حکوومەتی ئینتیقالی، دواتریش لە دژی حکوومەتی هەڵبژێردراوی عێراقو هاوپەیمانان. هێرشو تەقینەوەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زێدەتر بوون. زیاتر لە ٣٠٠٠ سەربازی ئەمریکایی لەو شەڕو تەقینەوانەدا کوژراون. سەدان هەزار کەس لە خەڵکی عێراق کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنیو بێتاوانن بوونە قوربانی. هەزاران بیناو باڵەخانەو خانووبەرەو........ ڕووخاون یان تەقێندراونەتەوە. عێراق بۆتە خاڵی هەرە لاوازی سیاسەتی دەرەوەی جۆرج بووش. ڕۆژ نیە هەواڵی کوژرانی چەندین سەربازی ئەمریکایی لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئەمریکاو جیهان دا بڵاو نەبێتەوە. ڕادەی خۆشەویستیی جۆرج بووش لە نێو خەڵك دا هاتۆتە خوارێ، نارەزایەتیی ڕای گشتیی ئەمریکا لە بەرز بوونەوە دایە. خەڵکێکی زۆر هەن داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکەن. هیلاری کلینتۆن کاندیداتۆری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەڵێ: ئەگەر لە هەڵبژاردن دا سەرکەوتن بە دەست بهێنم، هێزەکانمان لە عێراق دەکشێنمەوە. هەرچی ئیدارەی بووشە دەڵێن کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق بە مانای سەرکەوتنی تیرۆریستانەو کارەساتی لێدەکەوێتەوە. بۆیە هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بارودۆخی عێراق هێور کەنەوەو بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی شکست بدەن. ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئەگەر ڕەوشی هەنووکەیی عێراق بەم شێوەیە بچێتە پێش، ئەمریکا لە پراکتیزە کردنی قۆناخەکانی دیکەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورەدا تووشی کۆسپی جیددی دەبێت، ئەمەش زەرەرێکی جیددی لە پرێستیژ، ئابووریو ستراتیژیی ئەمریکا لە ناوچەو جیهان دەدات.

لەم نێوەدا تەنیا هەرێمی کوردستانە تا ڕادەیەکی زۆر لەم شەڕو تەقینەوانە دوورە. ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان، بێگومان ئەم بەشەی عێراقیش نائارام دەبێت، ئەمەش کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر ڕەوشی ئاسایشی گشتیی عێراق دادەنێو دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکا کە بە هیچ شێوەیەك لە قازانجی ئەمریکاو حکوومەتی ناوەندی عێراقیش دا نیە.

نووری مالکی سەرۆك وەزیری عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی هاوبەشی ڕۆژنامەنووسی دا هەڕەشەکانی تورکیایان ڕەد کردەوەو ڕایانگەیاند "حکوومەتی فیدراڵیو حکوومەتی هەرێم ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە عێراق ببێتە گۆڕەپانی پرۆسەی سەربازیو نامانەوێت وڵاتانی دراوسێ، بە بیانووی لێدانی لایەنێك یان گرووپێك، سەرباز بێننە نێو خاکەکەمانەوە. هەروەها: ناشمانەوێت عێراق ببێتە خاکێكو لەوێوە هێرش بکرێتە سەر وڵاتانی دراوسێ".(١)

سەرکردایەتیی سیاسیی باشووری کوردستان چەندین جار ڕایگەیاندوە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان بە توندی بەرپەرچی دەدەینەوە.

ئەمریکاش لە دژی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیایە. ڕوبێرت گەیتس وەزیری بەرگریی ئەمریکا هانی حکوومەتی تورکیای دا کە هەڵمەتێکی سەربازیی تاك لایەنە لە دژی چەکدارە کوردە هەڵگەڕاوەکان لە باکووری عێراق ئەنجام نەدات.(٢)

هێنری کیسینجێر وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئامریکا ڕایگەیاند: ئامریکا حەز ناکا تورکیا هێرشی سەربازیی بکاتە سەر چەکدارانی pkk لە باکووری عێراقو داواشی کرد ئەو چەکدارانە دەست هەڵبگرن لە هێرش کردنە سەر تورکیە. کیسینجێر لە پەراوێزی کۆبوونەوەیەکدا لە ئەستەمبولی تورکیە ڕوونی کردەوە کە واشینگتۆن پێیخۆش نیە، تورکیە سنووری عێراق ببەزێنێ، چونکە باکووری عێراق تاکە شوێنێکە سەربازەکانی ئەمریکای تێیدا ناکوژرێن. هەر بۆیە ئەمریکا نایەوێت دوژمنایەتیی کورد بکا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تیشکی خستە سەر ئەوە هەر وەك چۆن کورد بەرەنگاری ئەمریکا نابنەوە ئاواش ئەمریکا نایەوێت دوژمنایەتیی کورد بکا.

کۆنسەی سەرۆکایەتییpkkش ڕایگەیاندوە ئەگەر تورکیە هەڵەیەکی لەو جۆرە بکات، ئێمە لە قووڵایی خاکی تورکیادا هێرش دەکەینە سەریانو باشووریان لێدەکەینە باتڵاق.

٢) لە ئاکامی هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ دورگەی قیبرس لە ساڵی ١٩٧٣دا، قیبرس دابەش بوو بە دوو بەشی تورك نشینو یوونانی نشین. تورکیا هەوڵی چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا دەدات. هەتا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت داگیرکردنی قیبرس لەلایەن تورکیاوە، لەسەر ڕەوتی وتووێژەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا قورسایی نێگەتیڤی هەیە. دەرئەنجامە نیگاتیڤەکان هێشتا یەقەی تورکیایان بەرنەداوە.

یەکیەتیی ئورووپا لە دژی ئەوەیە تورکیا هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان. ئەگەر تورکیا هەڵەیەکی لەم جۆرە بکات، کۆسپێکی جیددی لەبەردەم بە ئەندامبوونی لەو یەکیەتییەدا دروست دەکات. بوون بە ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپادا، سوودێکی زۆر، بەتایبەت لە بواری ئابووریدا بە تورکیا دەگەیەنێ بەم هۆیەوە تورکیا بەهەستیاریو بایخەوە دەڕوانێتە هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپاو ناتوانێ بەرامبەر بۆچوونەکانی ئەو یەکیەتییە بێتەفاوەت بێ.

ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور زەرەرێکی جیددی لە ئابووریی لاوازی تورکیا دەدات. تورکیا لە باری ئابوورییەوە ئەوەندە بە هێز نیە کە خەمی هەزینەکانی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ نێو خاکی باشووری کوردستانی نەبێ. بە تایبەت ئەگەر شتێکی وا ڕوو بدات مەعلوم نیە چەندە دەخایەنێو ئاکامەکانی بۆ تورکیا ڕوونو دڵخۆشکەر نابن.

(٣) تا ئەو کات کە ئامانجی pkk "چێ کردنی کوردستانێکی سەربەخۆ" بوو، تەواوییەتی دەسەڵاتی تورکیا، بە هەردوو باڵی سیاسیو نیزامیو بە هەموو "گەڕایش"ە سیاسییەکانییەوە، لە دژی دانی کەمترین ماف بە کوردان بوون. "ئیستدلال" یان ئەوە بوو کورد دەخوازن لە تورکیا جیا ببنەوە.

پاش گۆڕانی دروشمی ستراتێژیکیی pkk لە کوردستانی مەزنەوە بۆ کۆماری دێموکراتی، دەسەڵاتی تورکیا، ئەو یەکدەستییەی پێشوویان لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆزی کورددا لە دەست دا. کەسانێك هاتوونە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ هێندێك مافی کولتووریو ئیداری بە کوردەکان بدرێ. تا کەی بە بیانووی جیاوازیخوازی، کورد سەرکوت بکرێ. ڕێبازی توندو تیژی چیدیکە ناتوانێ وەڵامدەر بێ. ئەگەر سەرکوتو نکۆڵی کردن کاریگەریی هەبا ئێمە شاهیدی ئەو ڕادەیە لە وشیاری نەتەوەیی کوردانو میتینگو خۆپێشاندانە بەربڵاوانە نەدەبووین کە لە لایەن کوردەکانەوە بەڕێوەدەچێت. بەداخەوە ئەو بۆچوونە بۆچوونی زاڵ لە نێو دەسەڵاتی تورکیادا نیە. بەڵام تا ڕادەیەك لە خاو کردنەوەی سوپاو نەریتپەروەرانی توندوتیژی دا شوێن دانەرە.

٤) کۆسپێکیتر لە بەردەم تورکیا، ئیحتمالی ورووژانی جەماوەری باکووری کوردستانە. لە ئەنجامی خەباتی پارتە کوردییەکان، کاریگەری پۆزەتیڤی فیدرالیزمی باشووری کوردستان لە سەر هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی باکوورو کاریگەرییەکانی پرۆسەی بە جیهانی بوونو...، باکووری کوردستان قۆناخی ڤەژینی تێپەڕ کردوە خەباتی جەماوەریو خەباتی شار یەکێك لە پایەکانی سێکوچکەی شۆڕشی باکوورە. بە بەشداریی سەدان هەزار کەس لە میتینگو ڕێپێوانەکان بەبۆنەی نەورۆزو بۆنە گەلی جۆراوجۆری ترەوە، ئامادە بوونی دەیان هەزار کەس لە مەراسیمی ناشتنی گریلادا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن ئەگەر بڕیار بەدەستانی تورکیا ئەوەی بە دەم دەیڵێن بە کردەوەش ئیجرای کەن، شیمانە دەکرێت گەلی کورد لە باکوور کە بە ئاستێکی بەرزی وشیاریی نەتەوایەتی گەیشتوە، بورووژێو دژی ئەم سنوور بەزاندنەی تورکیا هەڵوێست بگرێو ریسی دەسەڵاتدارانی تورکیا بکەنەوە خوری.

تورکیا دەزانێ کۆسپو ئاستەنگی زۆری لەبەردەم دا هەیەو زەمینە بۆ لەشکرکێشی ئامادە نیە. بەڵام ئاخۆ چ مەبەستگەلێك لە پشت ئەم لێدوانو هەڕەشە کردنانە هەن؟ تورکیا دەخوازێ چ ئامانج گەلێك بپێکێ؟

١) بڕیارە ٢٢ی تەمووز هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیا ئەنجام بدرێ. پارتی دادو گەشەپێدان کە زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانی تورکیای هەیە، شیمانە دەکرێت ئەمجارەش سەرکەوتوو لە سندووقەکای دەنگدان بێتە دەر (بە پێی ئەو ڕاپرسییانە کە کراون). ئەمە شتێکە سوپاو لایەنگرانی لائیستەو کەمالیستەکان پێی نارەحەتن. ژنڕاڵ یاشار بیوك ئانێت وای دەزانی حکوومەت ڕێگەی نادات بچێتە ناو عێراقەوە، بۆیە ویستی بڵێت ئۆپەراسیۆنێکی وەها پێویستەو سەرکەوتوو دەبێتو لێرەوە دەتوانێت سوپاو لایەنگرانی لائیستەو کەمالیزم لە دژی بورووژێنێتو ڕێگا لەوە بگرێت لانی کەم بەشێك لە خەڵکی تورکیا دەنگ بە پارتی دادو گەشەپێدان بدەن. بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردوغان لە وتووێژێکی تەلەفزیونیدا گوتی: من ئامادەم ڕێگە بە سوپا بدەم ئەگەر سوپا داوایەکی وەها بخاتە ڕوو. بۆ ئەوەی بە پیاوێك لە قەڵەم بدرێت کە فەرمانی بە جوولەیەکی سەربازیی لەو شێوەیە دەداو لەلایەن دەنگدەرانیەوە نمرەی بەرز وەرگرێت. کەواتە ئەو تۆپەی لەلایەن بویوکانێتەوە هەڵدرایە نێو گۆڕەپانی ئەردۆغان، ئەویش هاویشتیەوە نێو گۆڕەپانی سوپا. ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆتە کارتێك کە هەر یەکەی لە سوپاو حکوومەت دژی یەکتر بە کاری دەهێنن!

کەوایە ئۆپەراسیۆنی عەسکەری تا ڕادەیەك پێوەندیی بە مەسەلە نێوخۆییو موزایەدە سیاسییەکانی ناو سیاسەتمەدارانی تورکیاوە هەیە، دەنا زۆربەی شارەزایانی سوپا پێیان وایە کەئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەم کاتەدا بێمانایە. ئۆپەراسیۆن لە دژی گریلا نادیارەکان لە شوێنێکی شاخاویی وەك چیاکانی قەندیل هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. چونکە بە پێچەوانەوە شوێنەکەی خۆی جێ دەێڵێتو دابەش دەبێت بە سەر چەند گرووپ دا کە بە هیچ شێوەیەك ناگیرێن. تەنانەت ژنڕاڵ یاشار بیوك ئانێت دەڵێ کە ناتوانێت هێزەکانی بنێرێتە باشوور چونکە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی هەڵە دەبێت.

٢) هەروەك باسمان کرد کوردی باکوور بە ئاستێکی بەرزی وشیاریی نەتەوەیی گەیشتوە. ئەو خۆپێشاندانو میتینگانەی بە بەشداریی سەدان هەزار کەس لە شارەکانی باکووری کوردستان بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بەڕێوە دەچن سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن دەوڵەتی تورك بە خەیاڵی خۆی دەخوازێت ئەم خەڵکە چاوترسێن بکاو پێیان بڵێ ئەگەر لاق لە بەڕەی خۆتان درێژتر ڕاکێشن ئێمە لەبەکار هێنانی توندوتیژی سڵ ناکەین. بێ خەبەر لەوە کە خەڵکی وەخەبەر هاتووی باکوور بەوشتانە چاوترسێن نابنو ڕقو قینی زیاتریان بەرامبەر دەسەڵاتدارانی تورك تێدا دروست دەبێ.

٣) تورکیا دەخوازێت بەم هەڕەشەو پرۆپاگەندانە شەڕێکی سایکولوژی لە دژی گەریلاکانی pkk و تەنانەت حکوومەتی فیدراڵی باشووری کوردستانیش وەڕێ بخا. بە گومانی خۆی ئەگەر لە باری عەسکەرییشەوە نەتوانێت هێرش بکاتە سەریان، لانی کەم لە باری دەروونییەوە کارتێکەریی سەلبی دەکاتە سەریان.

٤) پارچەکانی کوردستان باندۆری دووئالییان لەسەر یەکتر هەیە. ستاتۆی فیدراڵیی باشووری کوردستان کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر پارچەکانی دیکەو لەو نێوەدا باکووری کوردستان داناوە، هەستی نەتەوایەتی ئەوانی بە هێز کردوەو فاکتەرێکی ئۆمێد بەخشە بۆ گەلی باکووری کوردستان تا لە پێناوی وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیان دا زیاتر تێبکۆشنو چالاکییەکانیان بەگوڕتر بکەن. بەم هۆیەوە مەسەلەکە تەنیا چەکدارانی pkk نیە بەڵکوو گورز وەشاندنە لە فیدراڵیی باشووری کوردستانیش.

بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بڕیارە لە کۆتایی ٢٠٠٧دا بۆ یەکلاکردنەوەی پرۆسەی کەرکوك ڕاپرسی بکرێت. تورکیا لە دژی ئەوەیە کەرکوك بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. کۆکردنەوەی هێز لە نزیك سنوورەکان هوشدارێکە بۆ حکوومەتی هەرێم، کە ئەگەر ڕێفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئەوا بە بیانووی پاراستنی مافی تورکمانەکان، ئەگەری هاتنە ژوورەوەی ئەرتەشی تورکیا هەیە بەتایبەت ئەگەر شتێکی نائاسایی ڕوو بداتو وەك هێندێك لایەن پێش بینی ئەوە دەکەن دۆخەکە بتەقێننەوە.

**ئەنجام:**

لە دوای ١١سێپتامبرو هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق، ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە هاوکێشەو هاوسەنگییە سیاسیو ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا هاتۆتە ئارا. تورکیا بایەخی ستراتیژیکیی جارانی بۆ ئەمریکا لە دەست داوە. دوای ئەوەی تورکیا ڕێگای نەدا ئاسمانو زەویی وڵاتەکەی لە لایەن ئەمریکاوە لە پرۆسەی ئازادیی عێراق دا بەکار بێت. ئەمریکاش ئەو متمانەی جارانی بە تورکیا نەماوە. بووش دەڵێ: ئێمە هەڵەمان کرد لە ماوەی ٦٠ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ دیکتاتۆرەکان لەسەر حیسابی خەڵك پێوەندیمان هەبوو. ئەمریکا دێموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبینێ. دێموکراسی وەك زەمینەی لە ناوبردنی تیرۆریزم دەنرخێنێ. بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی تورك ئەو ئاڵوگۆڕانە دەرك بکەن. گوتاری خۆیان لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەمڕۆی جیهانو ناوچە بگونجێنن. چیدیکە بە گوتاری جیهانی دووجەمسەریو نەوەدەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەدوێن.

ساڵی ١٩٩٦ پارتەکانی باشووری کوردستانو تورکیا ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان لە دژی pkk ، ئەنجام دەدا. تورکیا بۆی هەبوو تا قووڵایی ١٥-١٠ کیلۆمیتر بێتە نێو خاکی عێراقەوە. پارتەکانی باشوور ناچار بوون هێندێك تەنازوولات لە هەمبەر دراوسێکانیان دا بکەن. بەڵام ئەمڕۆکە ئەگەر تورکیا هێرش بکات جگە لە pkk پارتیو یەکیەتیش لەدژی ئۆپەراسیۆنی تورکیا دەوەستنەوە. ئەو ڕیککەوتنەی کە تورکیا دەتوانێ ١٠-١٥ کیلۆمیتر بێتە نێو قووڵایی خاکی عێراقەوە، ئیتر لە ئارادا نەماوەو هەڵوەشاوەتەوە. پارتەکانی باشووری مەزنیش ئەو ناچارییەی جارانیان نەماوە.

هەڕوگیڤو چەنە لێدان لە سیاسەت دا جێگای تایبەت بەخۆی هەیە. تورکیا دەزانێ کۆسپێ گەورەو گران هەنو زەمینە بۆ کردەوەیەکی سەربازیی تاکلایەنە ئامادە نییە. بەڵام بە کەڵك وەرگرتن لە هەڕوگیڤو چەنە لێدان، بە تەمای ئەوەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژان تروسکەیەکی ئۆمێد بۆ پێکانی ئامانجەکانی بێتە کایەوە. بەڵکوو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەمریکا لە ژێر باری هەلومەرجی نالەباری عێراق دا بێت یان بە هەر هۆیەکیتر چرایەکی سەوز بۆ تورکان هەڵ بکات. کیسینجێر گوتەنی "ئەمریکا نایەوێت کوردان لەخۆ بکاتە دوژمن". پێویستە تورکیا ئەو پەیامەی ئەمریکا ببیستێو باش لە گوێ بگرێ.

ژێدەر:

١ــ کوردستانی نوێ ٤٢٨٤ ٢٠٠٧/٦/٣ لاپەرە٢

١ــ "ئاسۆ" ژمارە ٤٤٦ ، دووشەممە ٢٠٠٧/٦/٢، لاپەرە ٤

٢ــ هەمان سەرچاوە لاپەرە ١

٣ـ کوردستانی نوێ ژمارە ٤٢٨٤، ٢٠٠٧/٦/٣






## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین




**مەحموود ئیسماعیلی**

"وەرە! دەستەو داوێنی ئالای بەرزو رووسووری ئازادی بەو، هەتوانی دەردو ئێش‌و ئازارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆت بە هەوڵ‌و بیرو چەکی خۆت بدۆزەوە. با خەبات‌و تێکۆشانی تۆو هەموو کچ‌و ژنێکی راپەڕیو تێکەڵاوی هەڵمەتی جوامێرانەو نرکەی شێرانەی برای پێشمەرگەت بێ‌و شانبەشانی لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلەکەت، رێگای لەنێو بردنی ئەو داب‌و یاساو نەریتەی کە ئەورۆ لە دەست‌و پێت هالاوە، خۆشتر بکە.

... بە جۆرێك راپەڕە کە هەموو ئازارەکانی ژیانت بکەی بە هەوێنی رقێکی شۆڕشگێرانەو وەك ئاگرێکی بڵێسەدار، بوون‌و مانی ئەو رێژیمە کۆنەپەرستانەی پێ وەمەترسی بخە کە داچێنەری تۆوی ژێردەستی‌و هۆنەرەوەی زنجیری کۆیلەتیی تۆو دایکان‌و خوشکانی تۆن.... وەرە با لە دوا رۆژیش دا چۆپی‌کێشی رەشبەڵەکی سەرکەوتن، ئێمە بین‌و یەکەم وەرگری چەپکە گوڵەکانی منداڵانی باوك شەهیدکراوو دایك‌و خوشکە رەشپۆشەکان بین."

**گۆڤاری "لاوان"، ژ ٣٢، "خوشکی کوردم" راپەڕە، لاپەڕەکانی ٣٢و٣٣**

کە بە تاقە شەقامەکەی ئوردووگای کارێزە وشك دا رادەبردی‌و دەگەیشتیە بەر ویترینی تاقە وێنەگرییەکەی ئەم شارۆچکەیە، وێنەیەکی گەورەکراوی پێشمەرگەیەکی مێرمنداڵ سەرنجی رادەکێشای. من، تا ئەو کاتەی لە نزیکەوە نەم ناسیبووو داوەرییم لە بارەی ئەو کەسە تەنیا لە رووی ئەم وێنەیەی بوو، لە خۆڕا پێم وابوو کەسێکی خوێنساردو لە خۆڕازییە. بەڵام ساڵانی دواتر کە لە گەڵی ئاشنا بووم بۆم دەرکەوت زۆر لە هەڵە دا بووم. نەك هەر وشك‌و خوێنسارد نیە، زۆریش گەرم‌و گوڕو خاکی‌و خۆمانەیە. ئەگەرچی لە نێو هاورێیانی پێشمەرگەی‌دا، سەرەڕای تەمەنی کەمی، وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو شەڕکەر ناوی دەرکردبوو، بەڵام تا دەهات پتر دەبووە ئۆگری خوێندنەوەو زیاتر بایەخی کاری فەرهەنگیی لە نێو پێشمەرگەو حیزبی دێموکرات دا بۆ دەردەکەوت. ئەو رۆژەم هەر لە بیرە کە دەفتەرێکی گەورەی لەبن هەنگڵ دابوو، بەشی زۆری لاپەڕەکانی بە پەخشان‌و بیرەوەری‌و نووسینەکانی خۆی پڕ کردبۆوە، دابووی بە هاوڕێیەکی شارەزای بواری نووسین تا کەم‌و کوڕییەکانی پێ بڵێ‌و رێنوێنیی بکا. هەر لەو دیدارەش دا بوو کە هانم دا نووسینەکانی بۆ گۆڤاری "لاوان" بنێرێ.

مەحموودی ئیسماعیلی رۆژی ١ی خاکەلێوەی ١٣٤٨ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی گوندی خەلیفەی ناوچەی مەهاباد لە دایك ببوو. تازە قۆناغی سەرەتایی خوێندنی تەواو کردبوو کە مامی شەهید بوو. بەهۆی تێکەڵاویی بنەماڵەکەیان لەگەڵ خەبات‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، هەر بە مێرمنداڵی رووی کردە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب، بە جۆرێك کە ٣ ساڵ دوای هاتن بۆ پێشمەرگایەتی رەوانەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەیان کرد. لەهێزەکانی سمکۆو پێشەواو ئەفشین درێژەی بە تێکۆشان دا. لە مەڵبەندی سپی سەنگ وەك جێگری پەل‌و پاشان کادری سیاسیی لك خزمەتی کرد. ساڵانی دواتری بە وەئەستۆ گرتنی کاری ئامووزشی لە نێو پێشمەرگەو کاری تەشکیلاتی لە ناوچەی مەهاباد دا، بردەسەر. بەڵام نووسین‌و نووسەری تا دەهات بەلایەوە دەبوون بە خولیایەکی خۆشەویستتر. ئەم نووسینانەی خۆی لە رێورەسمە حیزبی‌یەکانی ئۆرگانی شوێنی تێکۆشانی‌دا، دەخوێندەوە، بۆ بەرنامەکانی رادیوی دەنگی کوردستان‌و گۆڤاری "لاوان"ی دەناردن.

٢٤ی جۆزەردانی ١٣ ساڵ لەمەوبەر، مەحموودو کۆمەڵێك کادری تەشکیلاتیی حیزب لە ناوچەی مەهاباد لە رێگای گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی تێکۆشانیان، لەسەر سنور، لە نزیك "سێ‌چۆمان" کەوتنە کەمینی تاقمێك لە جاشەکانی رێژیم‌و بەداخەوە هەر هەموویان پێکەوە شەهید بوون. مەحموودی دڵ پڕ لە ئەوینی نیشتمان‌و دەروون پڕ وزەو خولیاو ئاوات، لە بیست‌و پێنجەمین بەهاری تەمەن دا بەجێی هێشتین. بەڵام، ناوو یادی هەر زیندووە. چونکە:

**هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق**

**ثبت است در جریده عالم دوام ما**

## "سپی وەك خولیاکانی گەلاوێژ"

خەبات رەسوڵی



**بێ تۆ ناڕۆم، بێ تۆ نابم، نابم.**
**بێ تۆ مانای بوونم، تراویلکەی خەستی داباریینم، لە ناو دەبات.**
**گەر لە بارانی تەڕ بوونتدا ونم نەکەی،**
**تا ئایەتەکانی نەناسینی ئوقرەو**
**تا رەشماڵی بێ قەرەچ‌و تا خاك،**
**من رەشم، رەش.**
**تازە ئیتر**
**بارانەو بارانەکەی ناسرو**
**فرمێسکەکانی جەخەتوو شەپۆلەکانی گۆلی ورمێش**
**لە ئەندێشەی فڕین‌و نادیارەکانی غوربەت‌و کۆچە لێڵەکانی زەمەن،**
**دوورم ناخاتەوە.**
**کاتژمێرێك بحەسێوە، ئێرە ماڵە باوانە.**
**کاتژمێرێك خۆت‌و خۆم‌و من‌و**
**ئەتۆو باخەسێوەکەو ژوورە بچکۆڵانەکە، لە بیر بکەو ئارام بگرە،**
**ئێرە سەرابی حەقیقەتەو**
**کتێبەکانی خوداو سەفسەتەکانی سۆفیستاییەکان، لە کالانی هەنگاوو دوور،**
**لێرە رەنگی زەردی مردووشیان بە بەلاش پێی نافرۆشن.**
**ئیتر یاسین دوا ئایەتی قورئانی سەفەر نییەو ژیان دۆڕان بێ‌مانایە.**
**بێ تۆ رەنگە هەنارەکانی سەفەرو**
**شکۆفەکانی تاراوگەو شەپۆلە بێ ماسیەکان‌و رووباری**
**دەستی باوکم‌و تاڤگە بچکۆلانەکەی شێعرم‌و پیرێژنە هەنار فرۆشەکەی دراوسێمان،**
**مانا ناکەن، مانا نادەن.**
**ئارام بگرە، ئارام...... ئارام........ ئارام بگرە.**
**خولیاکانم کەسك ترن لە تارات‌و**
**حەزەکانم بەرزترن لە هۆنراوە سەر بەتەمەکەی رۆئیات‌و**
**شێعر بێ ئیزنی من‌و شاعیر بە دواتا وێڵە وێڵ.**

*******

**سەرگەردان**
**چاوت پڕە لە حەسرەتی مانەوەو چاوەڕوانی کازیوەو**
**هەنگاوەکانی رێبوارێکی نەگەڕاوە دەشواتەوەو هەزاران جار،**
**دوور لە ترێ‌و دوور لە خوداو دوور لە عەشق دوور لە شارو پڕلە بۆشاییەکی سپی،**
**هەڵدەوەرن‌و نازانن ئەو کانیاوە نوقمە لە دوا شەقامی نەمان دا.**
**. هۆ مرۆڤی عاشق بە ئینتیزار،**
**بنووسە بەناوی خودات‌و بەناوی خەونە پەمەییەکانی کانی‌و مانگ‌و چاوو ئەستێرەکان بزر مەکە. ئەوە دوا ئایەتی تەوراتی رۆحە.و**
**بێ تۆ ناڕۆم، بێ تۆ نابم، نابم نالی ئاسا**
**هەتا ئەو خوارە بێ تۆ**
**گەر لە بارانی تەڕ بوونتدا ونم نەکەی.**
**عاشق دەبم بە خولیاکانی گەلاوێژ.**
**سپی، سپی، سپی**

## زامی دڵ

سەلاح نیساری ـ ١٣٧٧

**وردە خاڵی دەوری لێوت هەر لە زامی دڵ دەکا**
**بۆیە تا خاڵت دەبینم دڵ دەترسێ‌و سڵ دەکا**
**دەست لە چێژی خۆشەویستی بەر نەدەم تاکوو مەرگ**
**خۆری گیان دەکوژێتۆ چاوم پڕ لە خۆڵ‌و گڵ دەکا**
**دەستی خۆم بزمارێکی ژەنگاوی هێناو دای لە دڵ**
**ئێستە هەنیەم ئەرخەوانی‌و هەر لە داری گوڵ دەکا**
**مۆتەکەی پرچت کەهات‌و رۆحمی دێوانە کرد**
**رازو تەفسیری دەروونی ئاشقت موشکڵ دەکا**
**رێژنە فرمێسکێ بڕێژم تا بە سەر سکڵی حەزا**
**سۆزی بەرزم تف لە چاوی چڵکن‌و مێمڵ دەکا**
**تاوی ئاواتم بئەنگێوێ کە شەو دێری ژیان**
**بەرهەمی راستی مورادی ئەو دڵەم حاسڵ دەکا**
*******
**ئازیز ماڵی گۆڕ لە جوانان پڕە**
**کۆچی ناوادەت زۆر جەرگ بڕە**
**لە بێشکەی دڵما بنوە تا ماوم**
**درۆیە دەڵێن خاك مەیل بڕە**

ئەم شێعرە لە وێبلاگی کوردی وەرگیراوە



# ڕۆژ ژمێری شێتێك

جەمالٚ نەجاری ـ خوێندکاری بەشی کوردیی،زانکۆی سەلاحەدین



(شەمەی تەنیا)

رقم لە شەمەی پێنجەوزۆر شتی تریش، لەوانە ئاوێنە وپیاوی شکاو وتەنانەت باخچەش. قەڵس دەبم، بە دیار ئەم گوتانەوە سەری خۆم هەڵدەگرم و ڕوو لە دەرەوەی تەنیاییم دەکەم.

ناونیشانی من لە دوورترین گەڕەکی ئەم شارە واهەڵکەوتووە،کە خۆشم بە زەحمەت دەیدۆزمەوە.

هەموو بەیانییەك بیر لە ئێوارە دەکەمەوە و ئێوارانیش لە بەر دەرگای ماڵەوە چاوەڕوانی شەو دەکەم.وڵات رەش دەبێت و شەو نایەت،ئیتر خەوم لێدەکەوێ......

(شەمەی یەك)

بەیانی زوو لە دوورترین دووکانی شار ئاوێنەیەك دەکرم،لە گەڕانەوەدا بیر لە سەفەر دەکەمەوە،بەڵم نازانم بۆ کۆێ وبۆ چی؟

هەمیشە بە خۆم دەڵێم:تۆ دەمێکە بە جێ ماوی لە سەفەرێکی بێ مەنزڵ،دەگریم وژوور بە ژووری ماڵەکەم بۆنی گریانی لێ دێ.بیر لە خۆم ناکەمەوە،نەکا لە خۆبایی بم و خەڵکم لە بیر بچێتەوە....تا بازار دەچم و سەیری ژنی سەر عارەبانە وپیاوی سەر شەقام و منداڵی دەست فرۆش و تەنیایی خۆم دەکەم....

بە زەردەخەنەیەك دەگەڕێمەوە،بە زەحمەت ماڵی خۆم دەدۆزمەوە،

لە کابرایەك دەپرسم:ببوورن،ئێوە ماڵی من پێ دەزانن؟

وەکوو ئەوەی پیشەی بەردەوامی بێت،دەستم دەگرێ و کۆڵان بە کۆڵان دەمگێڕێ،

لەبەر ماڵێك دەوەستێ و دەڵێت:ئێرە ماڵی جەنابتە....

تازە دەزانم ڕەنگی دەرگاکەم شینە،بێ ئەوەی سوپاسی کەم رادەکەمە ژوورەوە و ئاوێنەکە بە ژووری تەنیاییم هەڵدەواسم.

(شەمەی دوو)

بەیانی زوو سەیرێکی ئاوێنە دەکەم و ئەو پیاوەی شێوەی من دەدات سەیرم دەکات.

هەموو بەیانییەکی شەمەی دوو بە دەنگی ئەو پیاوە وردەواڵە فرۆشەی ناو کۆڵان وەخەبەر دێم،بە پەلە دێمە دەر ولە بەر دەرگا دەوەستم،سەیری ماڵی بەرانبەری خۆم دەکەم،کچێکی جوان وخشپیلانە بە دوو چاوی هێمن لە بەر دەرگا سوورەکەیان وەستاوە،لە نێوان من و ئەو دا تەنیا کابرای وردەواڵەفرۆش هەیە وکەسی تر نا........

نازانم پێبکەنم یان بگریم،رادەکەمە ژوورەوە و لە بەرانبەر ئاوێنەی ژوورەکەم دەوەستم،سەیرێکی رووخسارم دەکات وپێم دەڵێ:تۆ لە مانای عەشق دەگەی؟منیش سەرێکی بۆ رادەوەشێنم و بە یەکەوە قاقا پێدەکەنین،

دووبارە رادەکەمە دەرەوە وبەرانبەر دەرگا سوورەکە دەوەستم،کۆڵان لە تەنیایی دا بە جێ ماوە،تەنیا من دواکەوتووم...

نە کچە ماوە نە کابرای وردەواڵەفرۆشەکە....

(شەمەی سێ)

چی تر حەز ناکەم باسی ئەو رۆژانە بنووسم کە پەیوەندییان بە شەمەی سێ وە نییە،بۆیە هەوڵ دەدەم لەمە بەدوا هەمووشەمەی سێ یەك تەنیا ئەو شتانە بنووسمەوە کە پەیوەندییان بە شەمەی سێ وە هەیە ،وەکوو نووسین ،دڕاندن و دووبارە نووسین،

یەك بە یەکی نووسینەکانم دەخوێنمەوە،گوێ یان لێ رادەگرم،هەوڵ دەدەم لە وشە بە وشەیان تێ بگەم ،دواتر شەمەی سێ لام جوانترین رۆژ دەبێ،هەڵدەستم و خواردنێکی جوان درووست دەکەم،پڕی دەکەم لە وردە کاغەز وئەوەندەی تر رۆژەکەم لە لا خۆشتر دەبێت.

جارێك لە ژنێکی گەڕەکی خۆمانم بیست،کە من رۆژی شەمەی سێ لەبەر خۆمەوە هەر دەخوێنمەوە وئەوانیش ناچارن لە کۆڵان،لە لە بازار ،لە سەربان،لە هەرجێیەك بێت،ئامادەن گوێم بۆ رادێرن،ئەوکات من لە خۆشیان نووسینەکانم دەخەمە بن باڵم ودەفرم،ئیتر نازانم بۆ کوێ و بۆ چی؟

(شەمەی چوار)

هیچ شتێك بەقەدرایی تەنیایی بۆ پیاو ناخۆش نییە،لەم ماڵە چەن ژوورە دا بەردەوام بە شوێن خۆما دەگەرێم و نایدۆزمەوە...

لە تەنیاییی دا هەوڵ دەدەم بیر لەوە بکەمەوە،رەنگی رەش بۆ جوانە؟ئەوەندە نوقمی ئەو بیرکردنەوەی خۆم دەبم،کە کاتژمێر دەگاتە ئێوارە و من بە هیچ ئەنجامێك ناگەم.

(شەمەی پێنج)

ئەوەندەم رق لەم رۆژە دەبێتەوە کە حەز ناکەم وەخەبەر بێم،هەموو لەشم سست وبێ هێزە،دە ساڵ لەمەو بەر باوکم لە شەمەی پێنج دا مرد و من و دایکمی بە گریان بەجێهێشت،من هێشتا پێکەنین و گریانم لێك نەکردۆتەوە،ئێستاش نازانم شەمەی پێنج گریانم دێ یان پێکەنین،دایکیشم پێنج ساڵ دواتر لە شەمەی پێنجێکی رەش و تاڵتردا مرد،من مامەوەو یەك دونیا تەنیایی،دەزانم خۆشم لە شەمەی پێنجێکی تاڵتردەمرم وتەواو دەبم،..

کەسێك لە ناو ئاوێنەکەی بەرانبەرم وێستاوەو زۆر شێوەی من دەدات،رەنگی مردوو بە رووخسارییەوەدیارە،دەستی بۆ دەبەم،ئاوێنەکە بەردەبێتەوە و ورد وخاش دەبێت و پیاوەکەش.....

لەت وکوتی پیاوەکە لە ناو باخچەکەمدا چاڵ دەکەم ودەیشارمەوە...

(هەینی ئاخر)

دەڵێن ئەمڕۆ رۆژی پشوودانەو چوونە سەیران ولەم بەزمانەیە....

منیش هەموو هەینی یەکی ئاخر لە ماڵەوە بەرانبەر باخچەکەم پشوو دەدەم و بیرلە هیچ شەمەیەك ناکەمەوە..........

١٠خاکەلێوەی ٢٧٠٧کوردی




# "سینەمای هیندوستان"

نووسینی: ناسر رەسوڵی

ئەوە راستە کە سینەماکانی هیند هەر لە سەرەتاوە لەچاو سینەمای وڵاتانی دراوسێی (ئێران ـ پاکستان ـ چین‌و سینەمای عەرەبی شەرقی)سینەمایەکی دەوڵەمەندتر بووەو تەنانەت زۆرتر لە هەموویان دەزگای سینەماتۆگراف‌و فیلمی رەنگی بەکار هێناوە، بەڵام لەڕاستی‌دا تا ئەورۆکە نەیانزانیوە بە دروستی کەڵك لەو خاڵانە وەربگرن، هەربۆیەش سینەمای هیند سینەمایەکی زۆر لاوازەو جگە لە پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان (ئەگەر تاك لەوێ کاتی بەتاڵی هەبێ) فیلمی هیندی بۆ هیچی دیکە نابێت. ئەویش بۆ کەسانێك سەرنج راکێشە کە زۆر هەست ناسك (وەك ژنی تەمەن ٣٠ ساڵ بۆسەرێ یان کچی ژێر ١٨ ساڵ) وەیان گەنجێکی عاشق بێ. دەنا بەڕاستی بینەری فیلمی هیندی ئەورۆکە زۆر کەمە. سینەمای هیند لەسەرەتاوە لە چوارچێوەو قالبێکی کلیشەیی دابووە، بەم شێوەیە کە باسیان دەکەین. ١ــ هیند سینەمای تایبەت بە عەشق‌و ئەویینداری نیە، چونکە لە راستی‌دا هەموو فیلمێکی هیندی عاشقانەیە.

٢ـ سینەمای ئەکشن = لە بواری ئەکشنەوە سینەمای هیند زۆر ئیغراق گەرایە (واتە شتەکان لە رادەبەدەر گەورە دەکاتەوە)و تا رادەیەك کە لە فیلمەکان دا هەمیشە نەفەرێك لە چەندین کەس دەدا. لە فیلمەکانی (دیوار ـ درام عاشقت می‌شم ـ مرد)دا.

سینەمای ئەکشنی هیندی لە چەند ساڵی رابردوودا بڕێك چاکتر لە پێشوو خۆی نیشان داوە بە تایبەت کە لەو ئاخریانەدا لە (جلوەهای ویژە بصری) تەکنیکی کامپیۆتری کەڵك وەردەگرن، هەرچەند ئەویشیان زۆر درۆیین‌و دەستکرد دیارەو بە راستی دەیان هەوێ هەموو فیلمێکیان وەکو "ماتریکس" بچێ.

٣ـ سینەمای مێژوویی: جگە لە ١ــ ٢ فیلم سینەمایەکی وایان نییە. (قدرت‌و ایمان) بەهێزترینیانن کە ئەویش بە تەواوی ناچێتە ئەوخانەیەوە.

٤ــ سینەمای ترس، کە تەنیا ٢ فیلمی (روح ـ دیوانگی) تێدایە. (دیوانگی) فیلمێکی سەرکەوتو بوو.

٥ـ سینەمایی جینایی: لەو فۆڕمەدا هیند زنجیرەیەك فیلمی گانگێستێری هەیە، بەڵام تەنیا فیلمی (ئەمەر، ئەکبەر، ئانتۆنی) بەکەڵکە.

سینەمای هیند لەبوارو شێوازەکانی دیکەی سینەما دا زۆر لاوازە هەر بۆیەش باسیان لا ناکەم. (موزیك لە سینەماکانی هیندی‌دا)

موسیقارە هیندییەکان لەو بارەیەوە بەراستی گوڵیان کردووە. ئەگەر فیلمێك بە زمانی ئەسڵی هیندی چاو لێ بکەی حەتمەن ٤ یا ٥ گۆرانی تێدا دەبیسی، کە ئەوەش تەشقی فیلمێکی هیندییە.

سینەمای هیند لە باری مۆسیقاوە بە راستی هیچ جێی رەخنە نیە. جالب ئەوەی کە تا ساڵی (١٩٩٠) تەنیا ٢ گۆرانی بێژی ژن لە تەواوی فیلمەکان دا گۆرانییان دەکوت! هەر بۆیەش بینەر وا هەست دەکا کە دەنگی تەواوی گۆرانی‌بێژەکان وێك دەچێ. فیلمی (ئەمەر، ئەکبەر، ئانتۆنی) راستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ. سەرجەمی زۆبەی هیندییەکان ئاوا تەواو دەبێ.

دووبرا یەکتر دەبیننەوە. دایك‌و کوڕێك دوای چەند ساڵ یەکتر دەبیننەوەو دایکەکە کوێر بووەو چا دەبێتەوە. دوو دوژمن لە کۆتایی دا دەزانن باوك‌و کوڕ بوون (رۆستەم‌و سۆهرابی خۆمان). کچێك یان کوڕێك کە لە ئاخری دا دەزانن زێدەکەیان نامەردی لەگەڵ نەکردوون‌و.... .

لە ئاستی جیهانی دا تەنیا فیلمی (دێوداس) پلەی یەکەمی فیلمی خاریجی لە فیستیڤاڵی کەن لە فەرانسە وەرگرتوە دەنا هیچ فیلمێك تاکو ئێستا بەو رادەیە نەگەیشتوون. لە باری هونەری‌یەوەش ٢ فیلمی (سنگام ـ شعلە) بەراستی فیلمی چاکن. شعلە بە سەبکی وێسترن (کابۆیی) دروست کراوەو سنگامیش بە (برباد رفتە)ی هیند ناسراوە. بە گشتی سینەمای هیند بە رای من سینەمایەکی لاوازە.

لەداهاتوودا لەسەر ئەکتەرە هیندییەکان باس دەکەین.



# ٢٧ی جۆزەردان‌و ٢٧ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی

ئامادەکردنی: عەلی بداغی

**٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ بیست‌و حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان. رادیۆیەك کە بە هیممەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و لە سەختترین هەلومەرجی سیاسی‌و خەباتی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، وەك زمانحاڵ‌و تریبوونی هاواری مافخوازیی کورد بەرنامەکانی خۆی دەست پێکرد. رادیۆی دەنگی کوردستان لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا قۆناغ بە قۆناغ‌و شانبەشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەلێك کەندوکۆسپی بڕیوە. لە زۆر تەلان سەرکەوتوە، زۆر جێی گواستۆتەوەو لە ژێر بۆمباران‌و هێرشی تۆپخانەی رێژیم، بێسڵ کردنەوەی کارگێرانی بێپسانەوە درێژەی بە وەشانی بەرنامەکانی داوە. رادیۆی دەنگی کوردستان دەنگێکە کە بە کەمترین ئیمکاناتی فەننی‌و تێکنۆلۆژی لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی‌و نەتەوەیی‌دا توانیویەتی بە هێنانەگۆڕێی پرسە سیاسی‌یەکان‌و وروژاندنی باسە رۆژڤەکان، خستنەرووی کێشە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و لەقاودانی ئامانج‌و پیلان‌و سیاسەتە دژی‌گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی جێی خۆی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستان دا بکاتەوە. رادیۆی دەنگی کوردستان یەکەم تریبوون‌و دەنگی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی ئیسلامی بوو.**

**مەنسوور خوسرەوەی، کارگێڕی بەشی فەننی رادیۆ کە ٢٧ ساڵ لە تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆی ستافی ئەم رادیۆیە بووە، پێویستیی دامەزرانی ئەم رادیۆیەمان بەم جۆرە بۆ باس دەکا:**

رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لەگەڵ قەڵتوبڕی نەیاران‌و شکاندنی قەڵەمی ئازادیخوازان‌و سەرکوتی



مەنسوور خوسرەوی

هەرچەشنە دەنگێکی ناڕەزایەتی، پەلاماری کوردستانی‌دا. کوردستان سەنگەری بەرگری لە ئامانجەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو. ئەوان کە دەنگ‌و رەنگ‌و هەموو راگەیەنە گشتی‌یەکانی ئێرانیان پاوان‌و لە ژێر رکێفی ئایدۆلۆژییانەی خۆیان نابوو، لەگەڵ گەمارۆی ئابووریی کوردستان، گەمارۆی پرۆپاگەندەشیان دا. سنووری کوردستانیان بۆ هاتنی رۆژنامەنووس‌و هەواڵنێرە ئازاد‌و سەربەخۆکان داخست. بۆ کپ کردنی دەنگی بەرخودان‌و بەرگریی گەلی کورد لە هەموو کەرەستەیەك کەڵکیان وەردەگرت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەك هێزی سەرەکیی نەیارانی رێژیم لە کوردستان بۆ شکاندنی ئەم تەك دەنگی‌یەی رێژیم‌و بەزاندنی سنوورەکانی سانسۆری سەپاو بە سەر راگەیەنە گشتی‌یەکان داو بۆ گەیاندنی هەواڵ‌و رووداوەکانی کوردستان بە خەڵکی کورد وەك خۆی‌و، تێگەیاندنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ویست‌و داواکانی گەلی کورد، ئەرکی وەگەڕخستنی رادیۆیەکی گرتە ئەستۆی خۆی‌و ئەم رادیۆیە رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ بە پەیامی رێبەری شەهید، دوکتور قاسملوو دەستی بەکار کرد.

**رادیۆی دەنگی کوردستان بە ئیمکاناتی فەننی‌یەکی زۆر هەژارانەوە دامەزرا.**

**سولەیمان پڕکاڵ**، کادری فەننیی رادیۆ کە پتر لە ١٧ ساڵ لە تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆی لە سەنگەری رادیۆدا خەباتی کردوە، گرفتە فەننی‌یەکانی رادیۆ بەمجۆرە دەستنیشان دەکا: "رادیۆی دەنگی کوردستان لە رووی فەننی‌یەوە بەرهەمی ئیبتکاری موهەندیس خەیاتی‌یە، برایەکی ئازەری کە ٢٧ ساڵە کوردانەو بۆ کورد دەژی. موهەندیس خەیاتی رادیۆی دەنگی کوردستانی لە چەند کەرەسەیەکی ئیرتباتی ساغ کردەوە کە لە پادگانەکانی رێژیم بە دەسکەوت گیرابوون. دواتر لە ساڵەکانی دواتردا توانیومانە بەرەبەرەو لە چەند قۆناغ دا تەکمیلتری بکەین‌و لە کەموکووڕی‌یەکانی کەم بکەینەوە.

نەبوونی شوێنی سابیت‌و بەردەوام راگوێز راگوێز کردنی رادیۆ لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچەو لەم شاخ بۆ ئەم شاخ لە گرفتەکانی ئەم رادیۆیە بووە کە وایکردوە رادیۆ وەك کۆڵە پشتی‌یەك هەمیشە ئامادەو بەسەرشانی کارگێرانی رادیۆوە بێ. دەزگاکەشمان ئەوەندە بەهێز نەبووە




سولەیمان پڕکاڵ

کە بتوانین بە جوانی‌و بە هاسانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی پێداپۆشین‌و کەم بوونی کەلوپەل‌و قەتعە بۆ تەعمیر‌و وەشانی پارازیت بەسەر شەپۆلەکانی ئێمە لە لایەن رێژیمەوە لە گرفتە فەننی‌یەکانی رادیۆ بوون کە ئێمە هەموو کات لەگەڵی ژیاوین‌و لەگەڵی راهاتووین‌و بۆ نەهێشتن‌و کەمکردنەوەیان هەوڵمان داوە."

**باس لە وردەکاری‌یەکانی ئۆرگانی رادیۆ‌و زانیاری لەسەر بەشەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان هەمووکات بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جێی سەرنج‌و حەز بووە.**

**مامۆستا بێبەش**، ئەندامی کۆمیسیونی رادیۆ کە خۆی گوتەنی لەسەریەك ١٩ ساڵە لە کارگێڕانی رادیۆی دەنگی کوردستان‌و نووسەرو بێژەری چەند بەش لە بەرنامەکانی رادیۆ بووە، لەم بارەوە زانیاریی زیاترمان دەداتێ: رادیۆ دەنگی کوردستان بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بڵاو دەبێتەوەو بەشە کوردی‌یەکەشی بە دوو زاراوەی سۆرانی‌و کرمانجی ئامادە دەکرێ. بابەتەکانی رۆژانەی رادیۆ بریتین لە هەواڵ، راپۆرت‌و وتاری سیاسی. لە پەنا ئەوەش دا رادیۆ چەند بەرنامەیەکی حەوتووانەی ئاشنا بە خەڵکی کوردستانی هەیە وەك "کۆلکەزێڕینە"، "بۆ بەختیاریی کۆمەڵ"، "لاوان"، "کاروانی شەهیدان"، "کورد لە ئاوێنەی مێژوودا"، "ئێمەو گوێگرەکان"و لە میدیاکانەوە". رادیۆی دەنگی کوردستان لە پەنا ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە



مامۆستا بێبەش

هەواڵ‌و رووداوەکانی کوردستان‌و ئێران‌و جیهان‌و شرۆڤە‌و لێکدانەوەی سیاسی‌و لە قاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی گرنگی‌یەکی تایبەتیشی بە زمان‌و کولتوورو ئەدەبی کوردی وەك ئەرکێکی نەتەوەیی داوە. تەرخانکردنی بەرنامەیەکی حەوتووانە لە ژێر ناوی کولکەزێڕینەو بەکارهێنانی زمانێکی رەسەن‌و سادەو پاراوی کوردی لە ئاخێوەکان‌و وتارەکانی‌دا ئاماژەکانی ئەم گرینگی پێدانەیە.

مامۆستا بێبەش کە ساڵەها ئامادەکاری بەرنامەی کۆلکەزێڕینەی رادیۆی دەنگی کوردستان بووە، لەمبارەوە دەڵێ: "بەرنامەی کۆلکەزێڕینە لە ئەساس دا بە مەبەستی زیاتر خزمەت کردن‌و خەملاندن‌و پاراستن‌و گەشەپێدانی زمان‌و فەرهەنگ‌و ئەدەب‌و هونەری کوردی دارێژرا. باس لە سەر ئەدەبی کوردی، ناساندنی شاعیران‌و خاوەن خامەکانی کورد، پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەدیبانی کوردو هاندانیان بۆ خزمەتی زیاتر، بڵاوکردنەوەی بەرهەم‌و تابلۆکانی ئەدیبان‌و شاعیران‌و خاوەن بەهرەکان، هاندان بۆ داهێنان‌و نوێخوازی‌و لە تەنیشت ئەوەش پاراستن‌و بایەخدان بە کولتوورو فولکلۆری نەتەوەیی‌و بەرزراگرتنی ئەدەبی بەرگری لە کارکردەکانی ئەم بەرنامەیەن."

**بەشی فارسیی رادیۆی دەنگی کوردستان لە بەرنامەیەکی نیوسەعاتی رۆژانەدا لە سیما ناسراوەکانی ئەم رادیۆیە کە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم‌و لە لای کۆمەڵانی غەیرە کوردی کوردستان‌و ئێران خاوەن پێگەیەکی تایبەتە.**

**سیامەك قەوی پەنجە**، بەرپرسی ئێستای رادیۆی دەنگی کوردستان‌و کارگێڕی بەشی فارسیی ئەم رادیۆیە کە ٢٣ ساڵە لەم بەشەدا کار دەکا، سەبارەت بە مەبەستی بەرێوەبەریی رادیۆ بۆ تەرخانکردنی بەشێك لە کاتەکانی رادیۆ بۆ زمانی فارسی‌و کارکردنی ئەم بەرنامەیە لەو ماوەیەدا دەڵێ: "حیزبی دیموکرات دوای داسەپانی شەڕ لە لایەن رێژیمی ئیسلامی بە سەر کوردستان داو بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی‌و خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە نێو بازنەی داخراوی راگەیاندنی پاوان کراودا هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ بۆ لەقاودانی ماهییەت‌و نێوەرۆکی رێژیم‌و سیاسەتەکان‌و تێگەیاندنی گەلانی غەیرە کورد لە رەوایی خەباتی کورد بەشێك لە بەرنامەکانی رادیۆ بە زمانی فارسی بڵاوببێتەوە. دیارە ئەوەش



سیامەك قەوی پەنجە

کاریگەری‌یەکی زۆری لەسەر بیروڕای گشتی‌و دەرخستنی راستی‌یەکان‌و نیشاندانی بە هاونیشتمانە غەیرە کوردەکان بووە.

**بایەخدان بە گیانبازی‌و فیداکاریی گیانبەختکردووانی رێی ئازادیی گەل‌و دەرخستنی کەسێتیی ئەو رۆڵە ئازاو بوێرانەی نیشتمان، ئەرکێکە کە رادیۆی دەنگی کوردستان لێی غافڵ نەبووەو گرتوویەتە ئەستۆی خۆی. لەم رووەوە بەرنامەی کاروانی شەهیدان‌و دەنگی کاك ئەحمەد قادری، ئامادەکارو پێشکێشکاری ئەم بەرنامەیە ئاشنا بە گوێ‌و دڵی هەموو گوێگرانی رادیۆیە.**

**ئەحمەد قادری** کە نزیك ١٥ ساڵە لە رادیۆی دەنگی کوردستانەوە بیرەوەری‌و ژیاننامەو یادویادەوەریی شەهیدانی سەربەرزی حیزب دەکاتە ئایەتی عەشق‌و بە گوێی ئەویندارانی‌دا دەچپێنێ، سەبارەت بەم بەرنامەیە دەڵێ: "تەمەنی بەرنامەی کاروانی شەهیدان بۆ ماوەیەکی کورتی دوای دەسبەکاربوونی رادیۆ دەگەڕێتەوە. ئەم بەرنامەیە سەرەتا بە ناوی گۆشەی پێشمەرگە ناودێر کرابوو.



ئەحمەد قادری

بەڵام دواتر لەسەر داوای گوێگران کە بۆخۆم یەك لەوان بووم‌و بە هەڵسەنگاندنی رێبەرایەتیی حیزب ناوی کاروانی شەهیدان بە باڵای ئەم بەرنامەیە بڕا کە بە هەق پڕ بە مانای وشەو بە تەواوی جێی خۆی لە نێو دڵی گوێگران‌و بە تایبەت بنەماڵەی شەهیدەکان دا کردەوە.

ئەم بەرنامەیە بەو مەبەستە دانرا کە هەم پلەو پایەی بەرزی تێکۆشەرە گیان لەسەر دەستەکان بە شێوەیەکی شیاو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بناسێنێ‌و هەم ئەمەگناسی‌و رێز لێنانێك بێ بۆ کەسایەتیی ئەو رۆڵە وەفادارانە کە بە مەبەستی دابین کردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلەکەیان بێچاوەڕوانیی هیچ پاداشت‌و تەنانەت ئافەرین کردنێك لە گیانی خۆیان مایەیان داناوە.

هەروەها پەیامێك بوو بۆ بنەماڵەی سەربەرزیان کە جگەرگۆشەکانیان بە خوێنی دڵ پێگەیاندو لە پێناو سەربەستیی گەل‌و نیشتمان دا فیدایان کرد، کە وا هەست نەکەن کورد گوتەنی



سوهەیلا قادری

"گڵ مەیل بڕە"و بە شەهید بوونی رۆڵەکانیان لەبیر دەچنەوە.

لە یەك قسەدا بەرنامەی کاروانی شەهیدان ئاوێنەیەکی باڵانوێنە کە هەموو بنەماڵەی شەهیدان وێنەی زیندووو هەرمانی جگەر گۆشە شەهیدەکەیانی تێدا دەبینن‌و تابلۆیەکی سەرنج راکێشە کە هەستی پاکی ئازادیخوازان دەورووژێنێ.

**رادیۆی دەنگی کوردستان چ وەك تەرخانکردنی بەرنامەیەکی تایبەت‌و چ لە وتارو راپۆرتی رۆژانەدا قەت لە ئاست کێشەی ژنان دا کەمتەرخەم نەبووەو هەموو کات هەوڵی خستنەبەرباس‌و توێکاریی کێشەی ژنان بە تایبەت ژنی کوردی داوەو هەوڵی داوە کە لەگەڵ ئاشناکردنی ژنان بە ماف‌و داواکانیان، کۆسپ‌و ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی ژنان دەسنیشان‌و ئاشکرا بکا. بەڵام ئایا بەرنامەیەکی یەك چارەکی وەك "بۆ بەختیاریی کۆمەڵ" لە حەوتوویەك دا دەتوانێ وەڵامدەری هەڵوێستە کردن‌و خستنە بەر باسی کێشەی ژنان‌و دیتنەوەی رێگەچارە بۆ چارەسەری کێشەکانیان بێ؟**

**سوهەیلا قادری**، وێژەری بەشی کوردیی رادیۆ‌و ئامادەکاری بەرنامەی حەوتووانەی بۆ بەختیاریی کۆمەڵ لەم بارەیەوە دەڵێ: "کێشەی ژنان‌و باس کردن لە ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان نەك لە بەرنامەیەکی وەها کەم ماوە، بگرە بە پرۆژەو پلان‌و کارکردنی چەند ساڵەش نابڕێتەوە. ئەوەی ئێمە لە رادیۆ دەیکەین تەنیا هەوڵێکە لەم دەرفەتە کەمەداو هەموو هەوڵمان ئەوەیە کە بە پێی ئیمکان کێشەی ژنان رۆژەڤ بکەین‌و بە ئاشناکردنی ژنان بە ماف‌و داواکانیان‌و شیکردنەوەو هەڵوێستە کردن لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، وەك هۆکاری



سەکینە جاهی

چەوسێنەری ژنان، هەنگاوێکمان لەم پێناوەدا هەڵهێنابێتەوە.

**سەکینە جاهی**، وەرگێڕو وێژەری بەشی کرمانجیی رادیۆی دەنگی کوردستانیش سەبارەت بە ئەرکی رادیۆ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی‌و داواکانی گەلی کورد دا دەڵێ: رادیۆ دەنگی کوردستانێ پیکاڤی دەرباز بویا کو هەبویە یەکێك ژڤان دەنگی حەق بێژانە بۆیە کو هەتا ل دەرباز بووی دە چاخی کو دەزگەهێن راگەهاندن کێم بون. دوژمنێت خەباتا بەرهەقە نەتەوا کورد، وەك دەنگەکە جهێ حوتبارێ ئو ڕاست بێژی، پشت خوە ب راستی ب دروستی یا خەبەر ئو بابەتان قاهیم دکن، ناهاژی پیکا ڤان ڕاپۆرت ئو خەبەرێن کو ب رادیۆ یا دەنگی کوردستانێ دەگەهن، نەفسێ رادیۆیی کاری‌یە ب پیشەڤانیا جڤاکا خەڵکی کو سەر چاڤا سەرەکیی‌یە حەق بێژانەیە ڤێ رادیۆیێیە، هەروسا کارتێکەری یا خوە هەبە.

**دیارە هەر ئۆرگان، بڵاڤۆك‌و دەزگایەکی تەبلیغی‌و میدیایەك خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەت‌و ڕەگەزو تایبەتمەندی خۆیەتی، واتا زۆر خەسڵەت‌و تایبەتمەندی کە میدیاکان لێك جیا دەکاتەوە.**

**سمایل شەڕەفی**، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رادیۆی دەنگی کوردستان لەم بارەوە پێی وایە کە رادیۆی دەنگی

←

# وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان

## لە "کۆبوونەوەی پاریس"ی ئوپوزیسیۆنی ئێران دا

بە سڵاو لە بەشدارانی خۆشەویست و هەموو ئەو ئازیزانەی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کۆنفرانسە زەحمەتی زۆریان کێشاوە.

بۆ هەموومان روون و ئاشکرایە کە گرینگترین هۆکاری مانەوەی سەرە رۆیی لە ئێران دا نەبوونی هاوپێوەندی و هاوئاهەنگی لە نێوان ئازادیخوازان دا بووە. هەر بۆیەش بەڕێوەبردنی وەها سمینارێک لە هەموو لایەکەوە جێی سەرنج و خۆشحاڵی یە و پێویستە بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم کۆنفرانسە لە هیچ هەوڵێك درێغی نەکەین و هەموو هەوڵمان ئەوەبێ تا بەشدارانی کۆنفرانسەکە لەگەڵ هەموو بیرو بۆچوون و ئینتمای جۆراوجۆریان، بەخاڵ و هەڵوێستی هاوبەش لەو پێوەندی یەدا بگەن. هەڵبەت پێویستە پێکگەیشتنەکان و رێککەوتنەکان لەسەر بنەمای خاڵی هاوبەش و بەلەبەر چاو گرتنی جۆراوجۆری و جیاوازی یەکان بێ. لە پێوەندی لەگەڵ دەستپێکی هاوکاری و هاوپێوەندی یەکی ئەکتیڤ و کاراو پڕدەسکەوت لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا، باوەڕمان بە گرینگی و هەستیار بوونی هەنگاوی یەکەمە. هەر بۆیەش لەگەڵ سەرنج و پێداگریی زۆر، گرینگی بە ئەم بەشەی پرۆژەکە دەدەین و لەم بارەیەشەوە هەم خۆمان و هەم کەسانی دیکەش دەبێ پێبەندی رەچاو کردنی هێندێك بنەمای بەرایی بین. دیارە بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەو گرنگییەی لەودا بۆ ئێمە هەیە، پێمان وایە هۆکارێکی بنەڕەتی و پڕبایەخیشە بۆ دەست پێکردن و تەنانەت هاوکارییەکی بەردەوام و راستگۆیانە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە چەند لایەنی ئەو دەکەم:

یەك لە گرینگترین ئەرکەکانی سەرشانی شوێنکەوتووانی وەها رێککەوتنێك دەبێ لەبەر چاو گرتن و دۆزینەوەی رێکارێکی گونجاو بۆ چارەسەری دابین کردنی مافی نەتەوەیی نەتەوە بندستەکانی ئێران بێ کە زۆرینەی حەشیمەتی ئێرانیش دەگرێتەوە. هەر بۆیەش لە روانگەی ئێمەوە چارەسەریی بنگەیی و ریشەیی کێشەی نەتەوەکان لە ئێران جێ خستنی نیزامێکی دێموکراتیکی فدراڵی یە کە دەبێ وەك رێبازی گشتیی خەبات لە بەرچاو بگیرێ.



نەتەوەکان، گەلان، گرووپەکان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای پێداویستی یەکانیان پێناسە دەکرێن و هەر بەو پێیەش پێویستە کە زانیاری و ناسکردنێکی وردو زانستی و واقیعیمان سەبارەت بە هەر کام لە جۆراوجۆری یە کولتووری یەکان و سەرچاوەی ناکۆکی یەکانیان هەبێ و لە هەر چەشنە داوەری و شیکرنەوەو لێکدانەوەیەك، بەبێ ناسکردنی پێویست خۆ ببوێرین.

دێموکراسی لە کۆمەڵگای کراوەدا سەرەڕای هەبوونی بنەماو پێوەروستاندارده هاوبەش و یەکگرتووەکان، لەو چەمکانەیە کە دەتوانن لە گەڵ واقیعە کولتووری و پێکهاتە کۆمەڵایەتی یەکانی هەر ناوچە یان وڵاتێك بگونجێندرێن. دیارە دێموکراسی دەبێ و حەتمەن لە مافی مرۆڤو یەکسانی یەوە هەڵ قوڵیبێ و سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام نەك تەنیا لایەنی تاکایەتی بەڵکوو دەبێ لایەنی کۆو شوناسی جۆراوجۆری یەکانیش لەبەر چاو بگیرێ. ئێمە باوەڕمان بە یەکسانی، برایەتی و فرەیی لە هەموو بوارەکان دا هەیە، بەو مانایە کە لە روانگەی ئێمەوە بەبێ بوونی یەکسانی یەکی واقیعی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك بڕیاردان، دابەشینی دەسەڵات و بەشداریی لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەر چەشنە هاوپێوەندی و پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە، بێماناو بێ نێوەرۆك و دەتوانین بڵێین نابەرامبەرو نا مەنتیقی دەبێ.

لەوەدیهاتنی بەرامبەری و یەکسانییش دا باوەڕمان بە هاوپێوەندی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە هەیە و لەوانەیە کە یەکەمین و گرینگترین بنەمای ئەو پرسەش بوونی فرەیی و جۆراوجۆری لە هەموو لایەنە جیاوازەکان دا بێ. ئەوە راستی یەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئێران وڵاتێکی فرەزمان و شێوەزارو، خاوەن حیزب و روانگەو بۆچوونی سیاسیی جیاوازو جۆراوجۆرەو بەپێی ئەوەش خاوەن ئینتیمای زۆرو فرەیە کە داننان بەو فرەیی و تولێرانسە دەتوانێ فرەیی ئۆرگانیزە بکا. بە زمانێکی سادە، بیرکردنەوە لە هەر چەشنە هەڵاواردن و حەزف و وەکیەك لێکردنێك (یکسان سازی) لە روانگەی ئێمەوە مەحکوومە.

بەو پێیە دەبێ پێداچوونەوەیەکی واقیعبینانە و زانستی لە واژەو چەمکە سیاسی یەکانی وەك دێموکراسی، راپرسی، حکوومەتی ناکۆجێ، تەواوێتیی ئەرزی، دابەشینی دەسەڵات، فیدرالیسم، نەتەوەو قەومییەت بکرێ. چونکی بێگومان دارشتەی دێموگرافیکی ئێران بە تەواوی جیاوازی و راستی یەکانی کولتووریی جیاواز بەرعۆدەمان دەکا کە لە خوێندنەوەو پێناسە کردنەوەو بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ئەسپاردەو رێوشوێنەکان دا دەبێ سەرنج و ورد بوونەوەیەکی زیاترمان هەبێ.

بۆ وێنە پێناسە، شێوەی بەڕێوەبەری و چەندو چۆنایەتیی دێموکراسی، لە وڵاتێکی وەك بلژیك، سوئیس و هیندوستان لەگەڵ وڵاتێکی تاك نەتەوەو تاك زمان زۆر لێکتری جیاوازە.

ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەر چەشنە هاوکاری و هاوئاهەنگی یەك لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی لە پێناو جێگیرکردنی دێموکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوەکان بە تەواو مانا ئامادەین و هیواداریـن کە ئەو کۆنفرانسەش بتوانێ وەها بەرنامەیەك دارێژێ کە هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەك ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکمان، گەیشتن بە ستاتۆو پێگەی شایانی خۆیان لە ئێرانی داهاتوودا لە گرەوی وەدیهاتنی وەها بەرنامەیەك دا ببیننەوە.

لە کۆتایی دا سڵاو بۆ رێرەوانی رێی ئازادی و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەمان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

---

درێژەی

# ٢٧ی جۆزەردان و ٢٧ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازی



سمایل شەرەفی

کوردستانیش خاوەن گەلێ تایبەتمەندیی بەرچاوە کە تا ئێستاش توانیویەتی سنوورێك لەنێوان ئەم دەزگا تەبلیغی یە کوردی یەو دەزگا کوردی یەکانی دیکەدا بکێشێ. ناوبراو دەڵێ: یەکەم ئەوەی کە رادیۆی دەنگی کوردستان یەکەم رادیۆی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە هاواری مافخوازانەی نەتەوەی کوردی لەم بەشەی کوردستان دا بەرز کردۆتەوە. دووهەم تایبەتمەندیی بەرچاوی رادیۆ دەروەست بوونی بووە لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت گوێگرەکانی دا. بەو مانایە کە هەمیشە بە ئەخلاقەوە بۆتە میوانی گوێگرانی خۆی. وەك دەزگایەکی تەبلیغی بۆ رۆژێك لە رۆژان نەیهێشتووە دەروەست بوونی ئەخلاقیی لە کزی بداو متمانەی گوێگرانی لە کیس بچێ. خۆی دوور راگرتوە لە هەواڵ و بابەت و قسەی ناڕاست و لەلایەن دۆست و دوژمنەوە بە رادیۆیەکی راستگۆ ناسراوە. جیا لە هەمووی ئەوانە دیارترین خەسڵەتی ئەم رادیۆیە لە روانگەی منەوە، خەڵکی بوونیەتی. بەر دەنگەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان تەنیا چین و توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نین و رادیۆ کوردستانیش هەمیشە هەوڵی داوە ئەم دەستکەوتەی خۆی بپارێزێ. ئەگەر چاوێك بە ڕیزی بەرنامە حەوتووانەو نێوەرۆکی وتارو بابەتەکانی دا بگێڕین، راستیی ئەم ئیدیعایەمان بۆ دەردەکەوێ.

وتارنووسانی رادیۆ هەمیشە هەوڵیان داوە جۆرێك بنووسن و ئەدەبیات و شێوازێك رەچاو بکەن کە بتوانن بە سادەو سەمیمی ترین و خەڵکی بوونترین شێوە مەبەستەکانی خۆیان بە گوێگرەکانیان بگەیەنن."

**بەڵام رادیۆی دەنگی کوردستان لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاری داو لە ململانێی راگەیاندن بەتایبەت راگەیەنە دەنگ و رەنگ و تەسویری یەکان دا، چۆن دەتوانێ پێگەی خۆی وەك تریبوونی خەباتی گەلێکی بندەستە بپارێزێ و لە ئەرك و ریسالەتەکانی بەردەوام بێ؟**

**<u>رەسووڵ سوڵتانی</u>، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رادیۆ دەنگی کوردستان و ئامادەکاری بەرنامەی حەوتووانەی لاوان، لەمبارەیەوە دەڵێ:** "هەرچەند ئێستا بەڕاستی راگەیەنە تەسویری یەکان بەتەواوی جێگەیان بە ئامرازێکی پێوەندی گرتنی وەك رادیۆ لێژو لەق کردوەو رادیۆ ئەو بەردەنگە چالاکەی جاری جارانی نەماوە، بەوحاڵەشەوە ئەگەر بکرێ وەك دەزگایەکی بەهێزی دیجیتاڵی بەرنامەکانی خۆی لە ئاستێکی بەربلاوتردا بڵاو بکاتەوە، دەتوانێ تا رادەیەك قەرەبووی هێندێ بۆشایی بکاتەوە. دیارە ئەگەر بەهێزترین دەزگاو ئامێری مۆدێڕنیش لەبەر دەست دا هەبن بەڵام پێکهاتەو نێوەرۆکی پرۆگرامەکان وەڵامدەری پرس و پرسیارو پێداویستی یەکانی ئەمڕۆی خەڵك نەبن و پەنجە لەسەر ئەو خاڵانە دانەنێن کە بەلای خەڵکەوە گرینگن دیسان ناتوانێ جێگەی شیاوی خۆی هەبێ، تەنانەت ئەگەر میدیای تەسویرییش لەگۆڕێ دا نەبن. بەو پێیە سەرکەوتنی ئامێرێکی وەك رادیۆ وەك میدیایەك بۆ خۆ دەرخستن پێویستی بەو شتانە نیە.

١ـ دەبێ دەزگای دیجیتاڵ و بەهێزو پێشکەوتووی هەبێ، ٢ـ بابەت و بەرنامەی باش و بە پێزو ئەمڕۆیی بە پێکهاتەو نێوەرۆکی بەهێزەو جۆراوجۆر بڵاو بکاتەوەو ٣ـ گرینگی بە هەڵبژاردنی کەسانی باش و شارەزاو لێهاتوو بۆ کاری بێژەری بدا."

**گوێگران و بەردەنگەکانی رادیۆ، گەلێ جار داواو پێشنیاریان بۆ کارگێڕانی رادیۆ بووە، بەڵام ئاخۆ کارگێڕانی رادیۆ دەنگی کوردستانیش لە بەرامبەر دا وەها داوایەکیان لە گوێگرانی خۆیان هەیە؟**

**<u>ئەسعەد دەریازی</u>، ئۆپێراتۆری رادیۆ دەنگی کوردستان کە ١١ ساڵ لە ١٥ ساڵ تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆی دا کارگێڕی بەشی فەننی رادیۆ دەنگی کوردستان بووە لەمبارەوە دەڵێ:** "ئێمە داواکانی خەڵکی کوردستانمان پێ دەگا، بەپێی تواناش هەوڵمان داوە رۆژ بە رۆژ زیاتر داواکانی خەڵکی کوردستان کە هەر هەموشیان دڵسۆزانەو بۆ باشتر بوونی کارو کارکردی رادیۆیە، جێبەجێ بکەین. ئەگەر لەو نێوەش دا نەمانتوانیبێ داوایەکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنین، بێگومان لەبەر کەمی یان نەبوونی ئیمکاناتە کە بۆمان نەلواوە، نەك ئەوەی کە نەمان ویستبێ. بەڵێ ئێمەش داوامان لە خەڵکی کوردستان هەیە. بەر لە هەموو شتێك ئەوەی کە تا دەتوانن و بە پێی ئیمکان زیاتر پێوەندی بە رادیۆوە بگرن و بە ناردنی هەواڵ و بابەت و ڕاپۆرت و زانیاری لەسەر پرس و کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا یارمەتی کارگێڕانی رادیۆ بدەن و لە رەخنەو پێشنیارو بۆچوونی خۆیان بۆ باشتر بەڕێوەبردنی رادیۆ بەردەوام بن و هاوڕێیانی رادیۆی لێ ئاگادار بکەنەوە".



رەسووڵ سوڵتانی

**دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات رادیۆ دەنگی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە ژیان و خەبات. ئەرکەکانی رادیۆ لەم قۆناغە هەستیارە دا بەپێی زەروورەتەکان چین؟**

**هەر سەبارەت بەم تەوەرەی رێپۆرتاژەکەمان، کاك سیامەك قەوی پەنجە پێی وایە کە رادیۆی دەنگی کوردستان دا رەنگ دەدەنەوە؟** (sic)

**چاوەڕوانی یەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەلومەرجی نوێی کوردستان چۆن لە رادیۆی دەنگی کوردستان دا رەنگ دەدەنەوە؟**

**سمایل شەرەفی لەمبارەوە دەڵێ:** نەتەنیا لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو زۆر لە پێشتریش گەیشتبووینە ئەو باوەڕە کە ئێمە وەك حیزبی دیموکرات و هەموو حیزب و لایەنە سیاسی یەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە زۆر بواردا و یەك لەوان لە راگەیاندن دا دەبێ خۆمان نوێ بکەینەوەو لە کەرەسەو میتۆدی نوێ بۆ پێوەندی یەکانمان کەڵك وەربگرین. هەر سەبارەت بە رادیۆی دەنگی کوردستانیش ئێمە واتا ستاف و کارگێڕانی سەرەکیی رادیۆ پێش لەتبوونی حیزب زۆرمان هاوار کردو پێویستی گۆڕان و نوێبوونەوەمان لە بەرنامەو شێوەی بڵاوبوونەوەی دا هێنایە گۆڕێ، بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی بۆ ئەم کارە گەڵاڵەشمان هەبوو، نەیانهێشت بۆ ئەم گۆڕانە هەنگاو باوێژین، جا بۆچی؟ با بمێنێ... ئێستا رادیۆی دەنگی کوردستان رەخنەی لەسەرە. تا ئێستاش بۆمان نەکراوە لە باری فەننی یەوە پەرەی پێبدەین و کارێك بکەین کە گرتن و گوێ لێگرتنی بۆ بیسەرانی ئاسانتر بێ (چونکە لە لایەن رێژیمەوە پارازێتی زۆری لەسەرە). ئەگەر بۆمان بگونجێ کە بەرنامەکانی رادیۆ لە رێگەی ماهوارەوە بڵاوبکەینەوە، زۆر راحەت دەتوانین لە نێوەرۆك دا بە پێی ویستی گوێگرەکانمان گۆڕان پێك بێنین. چونکە بە خۆشی یەوە کارگێڕانی رادیۆ بە ئەزموونی ٢٧ ساڵەو تواناو پسپۆریی جێی پەسن وەڵامدەری هەرچەشنە گۆڕانێکن.

**هەر سەبارەت بەم تەوەرەی رێپۆرتاژەکەمان، کاك سیامەك قەوی پەنجە پێی وایە کە رادیۆی دەنگی کوردستان بە دوای لەتبوونی حیزب جیا لە ئەرکەکانی پێشووتری ئەرکی دیکەشی کەوتۆتە سەرشان. ناوبراو دەڵێ:** "ئێمە دوای لەتبوونی حیزب "هێڵە گشتی یەکانی رێبازی ئێمە"مان هێناوەتە گۆڕێ. لەو نووسراوە یان شێوە پلاتفۆرمەدا باسی کۆمەڵێك بابەت کراون کە یەکەم لە جۆری خۆیدا لە نێو حیزبی دیموکرات دا شتێکی تازەن، دووهەم ئێمەو سیاسەت و کردەوەکانی ئێمە لە ئێستاو لە داهاتوودا لە لایەنی بەرامبەرمان جیا دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەر خودی ئەو لەتبوونە دەبێتە هۆی ئەوەی گوێگرەکانمان بە وردبینی وسەرنجی زیاترەوە گوێ بۆ بەرنامەکانی رادیۆ بگرن هەتا بزانن ئێمە کە باسی نوێبوونەوەو چاکسازیی و شتی نوێ دەکەین، چیمان هەیە بۆ گوتن و باس کردنی و بە گشتی چ بەرنامەو رێکارمان بۆ داهاتووی حیزب و جووڵانەوەی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران هەیە؟

هەر بۆیەش ئەمە سەرفەسڵێکی نوێ بۆ کارو تێکۆشانی رادیۆ دەکاتەوەو ئەرکی نوێ لەم پێناوەدا دەخاتە سەرشانی کارگێڕانی رادیۆی دەنگی کوردستان.



ئەسعەد دەریازی

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو وبۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# ئیسلامی سیاسیی کوردستان، هەڕەشەیەك لە ئازادیو ناسنامەی نەتەوەیی کوردان

حەسەن شێخانی

هەر بزاڤ و ڕێکخراوێکی سیاسی، ئیسلامی بێت یان ناسیونالیستی یان کومونیستی... ، فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە کۆمەڵێك پێداویستیی سیاسیی، کۆمەڵایەتیو نەتەوەیی وەردەگرێت. کام پێداویستی لە پشت سەرهەڵدانو دروست بوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دایە؟ ئایا ئەم هێزانە سەربەخۆیی سیاسیو بڕیاردانیان هەیە؟ تاچ ڕادەیەك لە خزمەت ئازادیو ناسنامەی نەتەوەیی کورد دان؟ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە تیشك خستنە سەر هێندێك لایەنی ئیسلامی سیاسیی کوردستان، وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە بدەمەوە.

لەو کۆمەڵانەی کە نەتەوەیەك یان کەمایەتییەکی نەتەوەیی لە رووی ئایینەوە هەڕەشەی لێدەکرێت یان لەلایەن زۆرایەتییەکی سەر بە ئایینێکی دیکەوە پەلامار دەدرێو ستەمی بەرامبەر دەکرێ ئایینو فاکتەری مەزهەبی، ڕۆڵێکی سەرەکی لە خۆ ناسینو خەباتی رزگاریخوازانە دا دەبینن. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەین.

١ـ لە کێشەی نێوان عەرەبو ئیسرائیل دا ئایین دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لە خۆ ناسینو خەباتی رزگاریخوازانەی فەلەستینییەکان دا ببینێ. چونکە عەرەبی موسڵمانی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتێکی سەربە ئایینی جوولەکەوە دەچەوسێندرێتەوە. بەم هۆیەوە عەرەبەکان دەتوانن بە دانی قورساییەکی سیاسی بە لایەنی ئیسلامیی ناسنامەکەیان خەڵك لە دژی ئیسرائیل هان بدەن. تەنانەت بۆ ڕاکێشانی سەرنجو پشتیوانیی موسڵمانەکانی دنیاو هەڵخراندنی هەستی ئایینیی ئەوان، کێشەی نێوان دوو گەلی فەلەستینو ئیسرائیل وەك کێشەی نێوان موسڵمانەکانو جوولەکەکان زەق بکەنەوە.

٢ـ هەرێمی ئیرلەندای باکوور لە ڕووی زمانو کولتوورەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئینگلیستان نیە، جیاوازیی مەزهەبی لە نێوان ئیرلەندای کاتولیك مەزهەب (لە ئیرلەندا پروتستانیش هەن بەڵام کەمینەن)و ئینگلیستانی پروتستان مەزهەب دا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دۆزێك بەناوی ئیرلەندای باکوورو ڕێژیونالیسمی ئەو هەرێمەش لە پێناوی چارەسەر کردنی ئەم دۆزەدا هاتۆتە ئاراوە.

٣ـ بنەمای جیا بوونەوەی پاکستان لە هیندوستان لە ساڵی ١٩٥٦ ئایینی ئیسلام بوو. گەلانی هیندوستانو پاکستان لە زۆر ڕووەوە وێکچوویان لەگەڵ یەکتر هەیە. تەنیا فاکتەری سەرەکی کە ئەوانی لە یەکتر جیا کردەوە ئەوە بوو کە پاکستانییەکان موسڵمان بوون. لە حاڵێکدا زۆرینەی ڕەهای هیندییەکان بە جوولانەوەکەیان جیا بوونەوەکەیان پاساو دا.

لە سەرنجدان بەو نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەگەر گەلێك لەلایەن نەتەوەیەکی سەربەئایینێکی دیکەوە ستەمی بەرامبەر بکرێ یان دوو گەل لە زۆر بواردا وێکچوویان لەگەڵ یەکتر هەبێو ئایین فاکتەری سەرەکیی جیا کەرەوەیان بێت، لەم حاڵەتەدا ئایین ڕۆڵی سەرەکیو پۆزەتیڤ لە خەباتی ڕزگاریخوازانە دا دەبینێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر گەلێك لەلایەن دەوڵەتێکی هاوئایینەوە بچەوسێندرێتەوەو ئایین نەك هەر فاکتەری جیاکردنەوە بەڵکوو خاڵی هاوبەش بێت، زەقکردنەوەی ئایینو دانی نێوەرۆکێکی سیاسی بە ئایین چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟ چ فاکتەر گەلێك نەتەوەی کورد لە نەتەوە سەر دەستەکانی کوردستان جیا دەکاتەوە؟ کورد بە هۆی کام فاکتەرەوە هەڕەشەی لێدەکرێت، هێرشی دەکرێتە سەرو ستەمی بەرامبەر دەکرێ؟ داگیرکەرانی کوردستان کام لایەنی ناسنامەکەمان دەکەنە ئامانجو دەیانەوێ لە ناوی بەرن؟ ئێمەی کورد بە پشت بەستن بە کام لایەنی ناسنامەکەمانو بە زەقکردنەوەی کامە فاکتەر دەتوانین ڕووبەڕووی هەڕەشەو مەترسییەکانی دوژمنان ببینەوە؟

زۆرینەی ڕەهای کورد موسوڵمانن و لەگەڵ نەتەوە سەر دەستەکان ئایینێکی هاوبەشمان هەیە. زمان، فەرهەنگو مێژوو.... ئەو فاکتەرانەن کە ئێمە لە وان جیا دەکاتەوە. ئێمە بە هۆی کورد بوونەوە ستەممان بەرامبەر دەکرێو پەلامار دەدرێین. لە پاراستنو گەشەپێدانی زمانو کولتوورو مێژوودا ئازادیمان نیەو لەم بوارانەدا بەربەستو قەدەغەیەکی جیددی بەدی دەکرێ. دکتور ڕەفیق سابیر لە کتێبی "کولتوورو ناسیونالیزم" دا لەم بارەیەوە دەڵێ: گەلی کورد بە درێژایی مێژوو ستەمی لێکراوەو چەوسێندراوەتەوە بەڵام کورد بە هۆی ئایینەکەیەوە ستەمی لێنەکراوەو لەلایەن زۆرایەتییەکی سەر بە ئایینێکی دیکەوە پەلامار نەدراوە. ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردوە غەیرە موسوڵمان نین تا هەوڵ بدەن دینو ئایینی کوردان لەناو بەرن، ئێمەی کوردیش بە هۆی ئەم هاوئایینییەوە نەمانتوانیوە بە دانی نێوەرۆکێکی ئیسلامی بە جووڵانەوەکەمان خەڵکی کوردستان لە دژی نەتەوە سەردەستەکان هان بدەین، بەڵکوو ئیسلام هەمیشە هۆکاری لێك نزیك بوونەوەو تەبایی بووە. لەگەڵ داگیرکەرانو بۆ لاواز کردنی هەستی ناسیونالیستیو بە لاڕێدا بردنی خەڵکی کوردستان کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کەڵك وەرگرتنی ئامرازیی مستەفا کەمال ئاتاتورك لە هەستی ئایینیی کوردانو فاکتەری هاوئایینی بۆ هەڵمەتی ڕزگاریی نیشتمانیو بەلاڕێدا بردنی خەڵکی کوردستان بکەین. بەڵام ئاتاتورك پاش پتەو کردنی دەسەڵاتو نەمانی هەڕەشەو مەترسیی دەرەکی بە توندی سەرکوتی کوردانی کردو فاکتەری هاوئایین بوونی کوردانی زەق دەکردەوەو کەڵکی ئامرازیی لێوەردەگرن. بەڵام پاش هێور بوونەوەی بارودۆخەکان ئەو فاکتەرە پشت گوێ دەخا.

ئەگەر کورد تەنیا یەك ئازادیی هەبوو بێت ئەویش ئازادیی ئایینو موسوڵمان بوون بووە. بەڵام شتێك کە نابێ لە بیر بکرێ ئەوەیە دوا بەدوای شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بناخەی شیعیزم بنیات نرا، کوردە سوننییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناحیەی مەزهەبییشەوە ستەمیان لێدەکرێو بەهۆی سوننی بوونەوە لە زۆر مافی سروشتیو ئینسانی بێبەش کراون. بۆ نموونە کوردێکی سوننی ناتوانێ تا ئاستی نێونجی لە ئەرتەش دا تەرەقی بکا یان ناتوانێ خۆی بۆ سەرکۆماری کاندیدا بکاو دەیان نموونەی تر.




ئێستا با بزانین ئیسلامی سیاسی بەرهەمی پێداویستییەکانی کۆمەڵی کوردستانە یان شتێکی چاولێکەریو بەرهەمی لایەی دەرەکییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە بە چۆنیەتیی سەرهەڵدانو دروست بوونی چەند ڕێکخراوێکی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەکەین.

١ـ "اخوان المسلمین"، ڕێکخراوێکی ئیسلامی سیاسییە کە لە میسر لە سەر دەستی "حەسەن بەننا" لە ساڵی ١٩٢٨ دامەزرا. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە تێکەڵاو کردنی ئیسلامو سیاسەتو، کردنی ئیسلام بە ئامرازو هۆکارێك بۆ هێنانە دیی ئامانجە سیاسییەکانو گەیشتن بە حوکمو دەسەڵات بوو. کەچی لە پارچەکانی کوردستانو لە هێندێك لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لقی ئیخوان ئەلموسلمین دامەزراوەو سیاسەتەکانیان کۆپی هەڵگرتنەوە لە سیاسەتی ڕێکخراوی دایك بووەو، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەن لە میسرەوە چ فەرمانو بڕیارێك دەردەچێ تا ئەوانیش ڕەچاوی بکەنو بیکەنە ڕێ نیشاندەری خۆیانو پراکتیزەی بکەن.

٢ـ "انصارالاسلام": سەرەتای پێشینەی ڕێکخراوی قاعیدە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ کە لەلایەن ئوسامەبن لادەنەوە بۆ بەجیهانی کردنی جیهادی ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتی دامەزرێندرا. ڕێکخراوی قاعیدە بەسوود وەرگرتنو قۆستنەوەی چەندین زەمینەو هۆکاری لەبارو گونجاو لەوانە:

ئەلف ـ زۆرینەی موسوڵمانەکانی کوردستان سوننی مەزهەبن،

ب ـ لە باشووری کوردستان ئازادیو دێموکراسی بە ڕادەیەك دابین کراوە تەنانەت ڕەوتی ئیسلامی میلیشیاش توانیویەتی سوودی لێوەرگرێ،

ج ـ کراوەیی بۆ هاتوچۆو گەڕانەوە بۆ ئەفغانستان،

د ـ لە ڕووی جوغرافیایی ناوچەی شاخاوی هەیەو بۆ خۆحەشار دان گونجاوە،

ر- بوونی چەندین کێشەو ململانێ لە نێوان ڕیزەکانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوودا،

چاوی بڕیبووە باشووری کوردستانو دەیەویست لقو پێگەیەك بۆ خۆی دامەزرێنێ. ئاکامی ئەو هەوڵانەی ڕێکخراوی قاعیدە، دروست کردنی "جندالاسلام" لە ساڵی ٢٠٠١ بوو لە سەر بناخەی تەکەتولو جیا بوونەوەکانی ناو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی. "جندالاسلام" پاش ماوەیەکی کورت لەگەڵ تەکەتولی ئیسلامیی مەلا کرێکار (کە ئەویش سەر بە قاعیدە بوو) یەك دەگرنو "انصارالاسلام" لە دایك دەبێ.

٣ـ تەواوی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دوای ١٩٧٩ بە پشتیوانیی ڕێژیمی ئێرانو یارمەتیی مادیی عەرەبستان لە باشووری کوردستان دامەزراون.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو نموونانەو چەندین نموونەی تر بۆمان دەردەکەوێ کە ئیسلامی سیاسی بەرهەمی لایەنی دەرەکیو شتێکی چاو لێکەرییە.

هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان بە پێچەوانەی هێزە ئیسلامییەکانی نەتەوەکانی دیکە کە لە پێشدا هێزی نەتەوەیی نیشتمانین، واتا بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان لە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکی تر دادەنێنو ڕێز لە یاساو بڕیارەکانی حکوومەت دەگرن، بوونە گوێ لە مستی بێگانەو هەمیشە چاوەڕوانن کەی لە پایتەختی وڵاتە ئیسلامییەکانەوە ڕێنوێنیی تازە دەگات. بە واتایەکی تر حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لە بڕیاری سیاسییاندا سەربەخۆ نینو خوێندنەوەیەکی کوردانەیان بۆ واقیعی کوردستان نیە. لەم بارەیەوە ڕێبەرانی "جندالاسلام فی کردستان" بەم جۆرە دێنو تێڕوانینی خۆیان دەخەنە ڕوو: لەلایەن ئێمەوە نیشتمانو گەلو هاوڕەنگو ڕەگەز بێنرخە. مەبەست لەو سنووردانانەی "جندالاسلام فی کردستان" ئەوەیە کە خاڵی دەست پێکردن لە سەرزەویی موسوڵمان نشینی کوردستانەوە بێت، ئەگینا مەبەست لە دەستەواژەی "فی کردستان" ئەوە نیە کە ئەو کۆمەڵە ئامانجی هەرێمایەتیو نەتەوەیی هەیە.

یان ئەبو بەسیر کە ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی لە کار کردن بۆ "قاعیدە"و دروست کردنی لقێك بۆ ڕێکخراوەکە لە کوردستان دا هەیە، دێموکراسی بە کوفرو حیزبە سکولارەکان بە کافر لە قەڵەم دەدات. ئایا بێ نرخیو گرینگیی نەدان بە نیشتمانو نەتەوە تەنیا تایبەتمەندیی هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵو توندڕەوەکانە یان هێزە میانەڕەوەکانیش هەڵگری ئەم خەسڵەتەن؟

ئەگەر لە ڕوانگەی فیکریو مەعریفی، لە ڕووی باوەڕو دیدو تێگەیشتنەوە بڕوانینە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، هەموویان وەك یەکنو جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە. تەنیا جیاوازیی سەرەکی کە ڕەوتی ئیسلامی ڕادیکاڵو ڕەوتی ئیسلامی میانەڕەو لە یەکتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕەوتی ڕادیکاڵ بە ئاشکراو سەربەخۆو بەزەقی خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی پێوە دیارە، توند دەستی پێوەگرتووەو دەمارگیرانە داکۆکی لێدەکاو بە شانازییەوە کاری پێ ئەکا. بەڵام ڕەوتی میانەڕەو هەوڵی شاردنەوەی ئەداو دەمامکی جۆراوجۆری بۆ لە سەر دەکاو هەوڵ دەدا بە شێنەییو ناڕاستەوخۆ کاری پێبکا. دواتر لە بەرەبەری پەیدا کردنی نفووزو ڕەوتی بەناو میانەڕەو تا بە دەسەڵات دەگاو هێز لە دەستی خۆیدا مۆنۆو پۆل دەکا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دادەپۆشێو بۆ دیماگۆژییەت، "تظاهر" بە هێندێك شتی نەتەوەیی دەکا.

ئیسلامی سیاسیی کوردستان بەم ڕێبازو ئیدئۆلۆژیو پراکتیکە سیاسییەی تا ئێستا پەیرەوی کردوە، هەڕەشە لە ئازادیو ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکات. چونکە حیزبە ئیسلامییەکان قورسایی سیاسی تەنیا بە لایەنی ئیسلامیی ناسنامەی کورد دەدەنو دەیانەوێ نێوەرۆکی ئیتنیکی- کولتووریی ناسنامەی کورد بگۆڕنو نێوەڕۆکێکی ئیسلامیی سیاسی پێبدەن. لەبەر ئەوەی کە کورد هێشتا قەوارەیەکی سیاسیی نیە تا لە کاتی هەڕەشەی لەم جۆرەدا ناسنامەکەی بپارێزێت. سەرگرتنی ئەم کۆششە ئیسلامییانە دەشێت زەمینەی تواندنەوەی کورد لە ناو نەتەوەی سەردەستی موسوڵمان دا خۆش بکات. شایانی باسە یەکێك لە هەوڵەکانی ئیسلامی سیاسیی کوردستان بۆ پێدانی قورسایی سیاسی بە لایەنی ئیسلامیی ناسنامەی کورد لە سەر حیسابی لایەنی نەتەوەییو کۆمەڵایەتی، دانی بەرچەسپی ئیسلامی لە ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردە. لە حاڵێکدا ئەم بەرچەسپە لەگەڵ نێوەڕۆکی سیاسیو ئیدئۆلۆژیو هۆی دەرکەوتنو ئامانجی ڕاپەڕینەکان نایەتەوە. تەنیا حوکمدانێکی ئیدئۆلۆژیکە کە دەیەوێ واقیعو مێژوو بە جۆرێك تەفسیر بکا کە بەرژەوەندیی سیاسی دەیخوازێت.

نەتەوە سەردەستەکانی زاڵ بەسەر کوردستان دا بە تەواوی توانایانەوە، کولتوورو زمانی نەتەوەیی پەلامار دەدەنو هەڕەشەی لە ناو بردنیان لێدەکەن. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی زمانو کولتوور گەرەنتیی سەرەکیی مانەوەی نەتەوەی کوردە (چونکە ئێمە لەگەڵ داگیرکەران هاو ئایینین ناتوانین لە ئایین وەك گەرەنتیی مانەوە کەڵك وەربگرنو بە هۆی

**ئیسلامی سیاسیی کوردستان بەم ڕێبازو ئیدئۆلۆژیو پراکتیکە سیاسییەی تا ئێستا پەیرەوی کردوە، هەڕەشە لە ئازادیو ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەکات چونکە حیزبە ئیسلامییەکان قورسایی سیاسی تەنیا بە لایەنی ئیسلامیی ناسنامەی کورد دەدەنو دەیانەوێ نێوەڕۆکی ئیتنیکی- کولتووریی ناسنامەی کورد بگۆڕنو نێوەڕۆکێکی ئیسلامیی سیاسی پێبدەن**

ئایینەوە خۆمان بپارێزین) مەترسیی ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی کە دەیەوێ لە سەر حیسابی لایەنی نەتەوەیی قورسایی سیاسی بە لایەنی ئیسلامیی ناسنامەی کورد بدات، بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد باشتر دەر دەکەوێ. لەلایەکی دیکەوە ئیسلامی سیاسی بە دوور خستنەوەی بیرو سەرنجی خەڵکی کوردستان لە کێشەی نەتەوایەتی، ڕاستەوخۆ خزمەت بە داگیرکەران دەکاتو بۆ ئامانجی ئەوان کە ئاسمیلاسیۆنی کوردە، ڕۆڵی ڕێگاخۆشکەر یاری دەکا. بوونی چەندین کێشەو ململانێو دووبەرەکی لە نێوان حیزبە سیکولارەکاندا، لاوازیی حیزبە عیلمانییەکان، شەڕی نێوخۆیی لە ڕابردوودا، گەندەڵیی ئیداری لە باشووری کوردستانو تا ڕادەیەك بێ متمانەیی خەڵك بە حیزبە دەسەڵاتدارەکان، هەڵسوکەوتی "مجاملە گونە"ی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی سیاسیو بەهرەمەندبوونی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە یارمەتیی ماددیو مەعنەویی دەرەکیو شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیانو دیماگۆژییەتو... ئەو هۆکارانەن تا ڕادەیەك مەجالی گەشەیان بە ئیسلامی سیاسی داوە. بە لەبەر چاوگرتنی ناسروشتی بوونی ئیسلامی سیاسیی کوردستانو سکولار بوونی کۆمەڵی کوردستان، ئەگەر لایەنە سکولارەکان پێداچوونەوەیەك بەخۆیان دا بکەنو هەنگاوێکی جیددی لە پێناوی چارەسەر کردنی کەمو کورییەکان دا هەڵێننەوە، داهاتوو لە قازانجی بەرەی سکولاری دێموکراتیكو نەتەوەیی دایە.

ـ کولتورو ناسیونالیسم، ڕەفیق سابیر
ـ پشتیوانانی ئیسلام، لقو پێگەیەك بۆ قاعیدە، نیاز سەعید عەلی
ـ لێکۆڵینەوە لە ئیسلامی سیاسی، نیاز سەعید عەلی

# رۆڵی پیاوان لە خەباتی ژنان دا:

## بەشێك لە گیرو گرفتو بەشێك لە ڕێگە چارەی پرسێك کە تەنیا پێوەندیی بە ژنانەوە هەیە؟

نووسینی: راشل جونز
وەرگێڕان لە فارسییەوە: کوێستان فتوحی

ئاگایی، وشیاریی و بە رەسمی ناسینی یەکسانیی رەگەزی و مافەکانی ژن، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەنگی داوەتەوە. ئامانجی بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەم هەزارەیەدا، بۆتە هۆی بەهێزبوونو خێرا بوونی ئەو تێگەیشتنە کە بەرابەریی رەگەزی کلیلی پێشکەوتنی کۆمەڵە. بەو حاڵەشەوە پرسێك کە لە پەراوێزی ئەم باسەدا هاتۆتە گۆڕێ بریتییە لە باسی پێویستیو گرنگیی بەشداریی پیاوانو هاندانیان بۆ هاورێیەتی لە خەبات بۆ یەکسانیی رەگەزی دا.

ئەمرۆ ئاڵوگۆڕی واتایی لە خوێندنەوەکانو گوتاری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی‌دا سەری هەڵداوە یانی چەمکی "ژنان لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی"دا (women in Dewelopment) گۆڕاوە بۆ چەمکی "رەگەزایەتی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی" (Development and Gender). ئەو ئاڵوگۆڕە رەنگدانەوەی ئەم بابەتەیە کە لە حاڵێکدا پێویستیی زۆر بە بەرنامەو پرۆژە کۆجێیە (متمرکـر)ەکانی تایبەت بە بەتوانا کردنی (empowerment) ژنان هەیە، پێوەندیی نێوان رەگەزەکانی نێرو مێ، پێوەندییەکانی نێوان ژنانو پیاوان، لە پرسە گرنگو سەرەکی‌یەکانی ئاشکرا کردنو ناسینی نایەکسانی‌یەکانە. ئەو نایەکسانیو جیاوازیدانانەی کە دەبنە هۆی ژێردەستیو کۆیلەیی ژنان.

بەو حاڵەش کار لەگەڵ پیاوان بۆ تێوەردانیان لە کێشەکانی پێوەندیدار بە مافو بەتواناکردنی ژنان، دەبێتە هۆی گومانو نیگەرانی لە نێو کۆڕو کۆمەڵی فیمینیستی‌دا. لێرەدا باسێکی جێگرتوو هەیە کە چۆنو تا کوێ پیاوان دەتوانن بەشداری لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنانو یەکسانیی رەگەزی دا بکەن.

لە راستی‌دا هێندێك لەو پرسیارانەی دەکرێن ئێمە دەبەنەوە قووڵایی گریمانەکان، تێگەیشتنەکان، سیاسەتو، ئیدئۆلۆژی‌یەکانی ئێمە لە بارەی مەسەلەی یەکسانیی رەگەزییەوە. یەکسانیی رەگەزی شتێکی سەقامگیر نیە، بەڵکوو پوختەو کورت کراوەی پرۆسەیەکی دوورو درێژی گۆڕان لە پێوەندیی رەگەزی دایە. گۆڕانێك کە لە یەکسان کردن، دادپەروەرانە کردنو دیموکراتیك کردنی ئەو پێوەندییانەو کەم کردنەوەی زوڵمو رەفتاری باوکسالارانەی ئەوان دا پێك هاتوە. ئەوە پێوەندیی بە پرسی گۆڕانی پیاوانەوە هەیە.

**بەڵام چۆن دەتوانین بەوە بگەین؟**

رێکخراوی بریتانیایی ئۆکسفام بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە هێندێك گومان لە بارەی کار لەگەڵ پیاوانەوە هەن. هاوکاریی لەگەڵ پیاوان دەکرێ دوورکەوتنەوە لە کاری سەرەکی کە رزگاریی ژنانە، سەیر بکرێ یان وەکوو هەوڵێك بێ لە لایەن پیاوانەوە بۆ وەك یەك لێکردنو هاوڕەنگ کردنی ئەو کارانەی کە ئێستا لە حاڵی جێبەجێ کردن دان بۆ مەبەستی خۆیان. ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی بە فیڕۆدانی ئیمکاناتێك کە بۆ بەتواناکردنی ژنان هەن. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی هێندێك نیگەرانی، چونکە ئاستی یارمەتی‌یەکان دێنەخوار.

هەروەها لە راپۆرتێك دا کە تازە بڵاوبۆتەوە رێکخراوی بریچ (BRIDGE) دەی سەلمێنێ کە هێندێك بەربەرەکانی لە لایەن هێندێك لە ژنانەوە بە دژی بەشداریی پیاوان لە کارکردن بۆ بەرابەریی رەگەزیی‌و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ دا هەن. هۆی ئەو بەربەرەکانییانە، ترسە لە کەمڕەنگ بوونەوەی دروشمو بەرنامە فیمینیستی‌یەکان، هەروەها نیگەرانی لە بەلاڕێدا چوونی ئەو ئیمکاناتە کەمە کە بۆ پرسی بەتواناکردنی ژنان لەبەرچاو گیراوە یا نیگەرانی لە دەست بەسەرداگیرانی ئەو ئیمکاناتە لە لایەن پیاوانەوە. سەرەڕای ئەو گومانانە، ژمارەیەکی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە پارێزەرانی مافەکانی ژنان قبووڵیان کردوە کە بەشداریی پیاوان لە هەوڵدان لە پێناوی مافەکانی ژنان دا نەك هەر پەسندە بەڵکوو پێویستیشە. "پۆل هوك" چالاكو نووسەری فیمینیست دەنووسێ: "بەبێ بەشداریی پیاوان وەك هاوپەیمانی ئێمە لەو خەباتەدا، بزووتنەوەی فیمینیستی بۆ پێشەوە ناچێ".

لە رێکخراوە نادەوڵەتییە نێونەتەوەیی‌یە ناسراوەکانەوە (NGO) بگرە تا ئەو رێکخراوانەی راستەوخۆ لەگەڵ ژنان لە پێوەندی دان، رەوتێکی بەهێزو روو لەگەشە هەیە کە بە پێی بۆچوونی ئەو رەوتە، تێوەگلاندنی پیاوان لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە خەبات دژی باوکسالاری‌دا، دەتوانێ یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی دەسکەوتەکانی خەبات بۆ مافەکانی ژنان لە ئاستی جیهانی‌دا بدا.

بە داخەوە مەسەلەکە تەنیا ئەوە نیە کە ژنان رێگە بدەن تا پیاوان لەو خەباتو تێکۆشانانەی ئەوان دا بەشداری بکەن، بەڵکوو ژمارەی کەمی ئەو پیاوانەش کە ئامادەن بەشداری بکەن بۆخۆی پرسێکە. بەدبینیی ژنان زۆرتر بەرامبەر بەشداریی پیاوان راستەوخۆ ریشەی لەو راستی‌یەدا هەیە پێوەندیی باوکسالاری لە بەرژەوەندی زۆر لە پیاوان دایە، کەوایە بۆچی دەبێ ئەوان ئۆگری بە مەسەلەی رزگاریی ژنان نیشان بدەن؟ دژایەتی لەگەڵ بەشداریی پیاوانو هەوڵدانی ئەوان لە پێناوی ئامانجی بەرابەریی رەگەزی لە هەر دوو لاوە بەرێوە دەچێ، بۆیە بووە بە مەسەلەیەکی چەند رەهەندیو ئاڵۆز.

**کارکردن لەگەڵ یەك**

لە کەشو هەوایەك دا کە بەربەرەکانییەك بە دژی بەشداریی پیاوان لەگۆڕێ‌دا نیە، هاوکاری‌یەکان گەشە دەکەن. قبووڵی زیاترو زیاتری ئەو مەسەلەیە کە پیاوان نە تەنیا بەشێك لە گیروگرفت نین بەڵکوو بەشێك لە رێگە چارەن، دەبێتە هۆی داهێنانی نوێ بۆ هاوکاری لە خەبات دا. هێندێك لەو دەستپێشخەرییانە لە لایەن پیاوانەوە دروست دەبن، ئەوە لە حاڵێك دا ئەو رێکخراوانەی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کار دەکەنو چالاکی مافی ژنانن، زۆربەی پرۆژەکانی دیکە بەرەوپێش دەبەن.

ساڵانێك لەمەوپێش یانی ساڵی ١٩٩٣ پیاوان لە نیکاراگوا رێکخستنی کۆمەڵەیەکیان لە ئەستۆ بوو کە پێوەندیی بە توندوتیژی دژی ژنانی ئەو وڵاتەوە هەبوو. ئەو پیاوانەی لە رادەی زۆری توندوتیژی دژی ژنان لەو وڵاتەدا سەریان سووڕمابوو، هێندێك کاریان لە پێناوی دادپەروەریو مافی کۆمەڵایەتیی ژنان دا ئەنجام دا. ئامانجی ئەو کارانە دژکردەوە نیشان دان بە دژی شێوەی داسەپاوی ژیان بە سەر ئێمە پیاوان دا بوو کە ببووە پاڵنەرێك بۆ پەنابردنی ئێمە بۆ خواردنەوەی لەرادەبەدەری ئەلکول، توندوتیژیو تێکهەڵچوونو باڵادەستی بەسەر ژنان دا."

ساڵی ١٩٩٩ ئەو دەستەیە ٣٦٠ پیاویان لە کارگەکانی فێرکردنی پیاواندا رێك خستبوو. یەکێکی دیکە لە کارەکانیان پێك هێنانی دوو کۆبوونەوەی نەتەوەیی بوو کە بەرهەمەکەی پێك هاتنی "ئەنجومەنی پیاوانی نیکارگوا" بە دژی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٠٠ بوو. ئەم ئەنجومەنە ئێستاش خەریکی دانانی کارگەو خولەکانی فێربوون بۆ پیاوان، لاوانو گەورە ساڵانە. ئامانجی ئەو خولانە، هەڵسەنگاندنو خستەنەرووی پێناسەی تازە بۆ بەشداربووانی خولەکان لە بارەی پیاوەتیو توندوتیژییەوەیە.

زۆر رێکخراوی جەماوەریی هاوچەرخی وەك "ئەنجومەنی پیاوانی نیکاراگوا لە دژی توندوتیژی" هەن کە بە هۆی پەیوەست بوون بە کۆڕو کۆمەڵە ئاکادیمی‌یەکانی لایەنگری فیمینیزم، هەڵگری ئەو پەیامەن کە: "پیاوان رۆڵێکی بنەڕەتییان لە باشتر بوونی پێوەندیی نێوان دوو رەگەز دا هەیە". ئەوە زۆر کاریگەریی هەبووەو ئێستا رێکخراوە نێونەتەوەییە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، دەیسەلمێنن کە "بەشداریی پیاوانو کوڕانی لاو" فاکتۆرێکی سەرەکین بۆ راگەیاندنو بەرەوپێش بردنی پرسی یەکسانیی رەگەزی. بۆ نموونە، راپۆرتی تازەی "دۆخی مندالانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٧"دا کە لە لایەن رێکخراوی یونیسێفەوە بڵاوبۆتەوە، حەوت خاڵی بنەڕەتیی بۆ رزگاریی ژنان ناو دەبا. دووانیان ئەوانەن: "ژنان، بەهێزکەری ژنان"و "بەشداریی پیاوانو کوڕانی لاو".

بەم حاڵەش پرسێك کە جێگای سەرنجدانەو مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە ئایا رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یە ناسراوەکانی وەك دامەزراوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامانجەکانی پێوەندیدار بە بەشداریی پیاوان لە کاروباری پێوەندیدار بە مافەکانی ژنان، پێشوەختو زۆر زووتر لە کاتی خۆی نەداوەتە بەر سەرنج؟ وەك زۆر لە سیاسەتە رەگەزییە زاڵەکان، خەریکبوون بەو پرسە ئاڵۆزە لە قالبێکی تێکنۆکراتیكو بێ تێگەیشتنو راڤەو لێکدانەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتو ئەو مەسەلەیە کە بەشداریی پیاوان لە خەباتدا، چ مانایەکی هەیە، دەتوانێ شتێکی نەگونجاو بێ. ئەوە کە ئەم نیگەرانی‌یانە چ رادەیەك لە جێی خۆیان دان لە درێژایی زەمەن دا دەردەکەون.

**بەشداریو تێکەڵبوونی پیاوان لەگەڵ کێشەکە لە چ فۆرمێك دا دەبێ؟**

رێکخراوی بریج بە تازەیی پێرستێکی لە لێکۆڵینەوەکانی پێوەندیدار بە ئیستراتیژی‌یە جۆراوجۆرەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەشداریی پیاوانو کوڕانی لاودا بڵاوکردۆتەوە. لێکۆڵینەوەکانو توێژینەوە نموونەیی‌یەکان لەم پێرستەدا ئەم وڵاتو حەشیمەتانە دەگرێتەوە:

وڵاتانی باشوورو ناوەندی ئاسیا، ئەمریکای لاتینو بیاڤی دەریای کارائیب، ئەفریقا، ئەو وڵاتانەی زۆربەی خەڵکەکەیان موسوڵمانن، کۆمەڵە کۆچەرییەکان لە ئورووپاو هەروەها رێکخراوە گەورەکانی تایبەت بە پەرەپێدان وەك ئۆکسفامو "بەرنامەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرە پێدان (United Nations DeveloPment Program)".

بەربڵاویو قووڵایی ئەو زانیارییانەی خراونەتە بەردەست نیشان دەدەن کە پیاوان دەتوانن لە هێندێك بارەوە کاریگەری لەسەر ژنان دابنێن، دەتوانن وەکوو هاوپەیمانی ژنان بجووڵێنەوەو لە راستیش دا هەر وا بووە:

— پیاوان وەك شەریکی ژیانو هاوسەر، بە دژی توندوتیژیی رەگەزیین،

- بەهێزکردنی خۆڕاگریی پیاوان بە دژی توندوتیژیو تێکهەڵچوون،

— پەروەردەکردنی بەشداریی بنیاتنەری پیاوان لە هێندێك پرسی پێوەندیدار بە سڵامەتیی رەگەزیو کاروباری پێوەندیدار بە بەرهەمهێنانی منداڵو مافەکانی تایبەت بەم بوارە (وەك ئێیدز HIV/AIDS)

— هاندانی بەشداریی پۆزێتیڤی پیاوان وەکوو باوكو سەرپەرست،

- بڵاوکردنەوەی زیاتری کولتووری یەکسانیی رەگەزی لە نێو رێکخراوەکانی یارمەتیدەری پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی‌دا.

جۆری ستراتیژی‌یەکانو میتۆدەکان جیاوازییان هەیە. وەك نموونە دەتوانین چەند لەوان ناوبەرین:

ئەو گرووپانەی یارمەتیی پیاوانێك دەدەن کە توندوتیژی ئەنجام دەدەن، هەستیاربوونی پۆلیس بەرامبەر بەو کۆسپانەی کە ژنان لە توندوتیژی بنەماڵەیی‌دا لەگەڵیان بەرەوروو دەبن، فێرکردنو وشیارکردنەوەو راهێنانی پیاوان لە بارەی کێشە رەگەزییەکانەوە، کەڵکوەرگرتن لە شانۆو دراما بۆ پەرەپێدانی ئەو رۆڵە پۆزێتیڤەی کە پیاوان دەتوانن لە بواری پێشگیری لە نەخۆشیی ئێیدز دا هەیانبێ.

رێکخراوەکانی خەڵکی خۆوڵاتیی ئوستراليا ماوەیەکی زۆرە کە قۆڵیان لە کاری بەشدارکردنی پیاوانو کوڕانی لاو لە کێشەکانی پێوەندیدار بە بنەماڵەو پێشگیریو بەرگرتن لە توندوتیژیی بنەماڵەیی‌دا هەڵماڵیوە. بە هۆی خۆبواردن لە بەکارهێنانی وشەکانی "توندوتیژیی نێو ماڵ" یا "توندوتیژیی رەگەزی" ژنانی خۆوڵاتیی ئوستراليا (Aboriginal and Torres strait isalander)، دەستەواژەی "توندوتیژیی بنەماڵەیی" بەکار دەهێنن، بۆ ئەوەی بەم زمانە نوێیە، هەم پیاوانو هەم ژنان لە کۆمەڵگەکانی خۆیان دا، هان بدەن، کە لە کێشەی توندوتیژی‌دا، بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ. گۆڕانی زمانو وشەکان، دەبێتە هۆی ئەوە زۆر بەرنامەی تایبەت بە پەرەپێدان راستەخۆ بۆ پیاوان تەرخان بکەنو ئەم بەرنامانە بە گوێرەی پێویستی‌یەکانی ئەوان دابین بکەن. ئەم بەرنامانەی تایبەت بە پیاوانن، ئوردووە فێرکارییەکانی باوك ـ کوڕ، گرووپەکانی یارمەتیی بە پیاوانی تاوانبار، کارگە فێرکارییە دەرمانی‌یەکانو ناوەندە فێرکارییەکانی تایبەت بە پێناسەی شوناسو هەروەها ناوەندە راوێژکاریی‌یە خۆجێیی‌یەکان دەگرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ خشتەی ئەزموونەکانو ئەو کارانەی لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژنان دا ئەنجام دراون، بکێشینەوە، بەشدارکردنو تێوەگلانی پیاوان لە کار لە پێناوی یەکسانیی رەگەزی دا، پۆزەتیڤ بووە. ئەو ساڵانەی لە پێشمانەوەن گرنگو چارەنووسازن: هەم بۆ هەڵسانگادنی ئاکامەکانو هەم بۆ توێژینەوەی زیاتر لەبارەی کاریگەرییە پۆزەتیڤو نیگاتیڤەکانی بەشدار کردنی پیاوان لە کاری هەوڵدان بۆ مافەکانی ژنان دا. "لە کۆمەڵگەیەك دا کە قانوون کۆدی وشكو نەگۆڕێ بۆ ڕەفتارە کۆمەڵ پەسندەکانی ژنو پیاو دیاری کردوە، هەم ژنانو هەم پیاوان بە دەست ئاکامەکانی ئەم جۆرە قانوونو کۆدانەوە دەناڵێنن.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

(٣٢)

ب. هانا

### ئازایەتیی ژنانە

### Heroinism

زاراوەی داهێنراو لە رەخنەگری ئەدەبی ئەمریکایی ئالین مۆیرز Ellen moers لە کتێبی "ژنانی ئەدیب" (١٩٦٧)دا. بە گوێرەی بیردۆزەی مۆیرز، "ئازایەتیی ژنانە"، وەسفی کردەوەیەکە لە چوارچێوەی فیمینیزمی ئەدەبی"دا. هەوڵدانە بە مەبەستی دروستکردنی فۆرمەکانو رێککەوتننامە ئەدەبی‌یە نوێیەکان بۆ ژنان لە رێگەی خوڵقاندنی کەسایەتییەکانی ژنی چالاك کە بە دژی ناکارایی رۆڵە باوو ناسراوەکانی ژن دا دەوەستنەوە.



مۆیرز ئەم پرۆژەیەی لە وتەیەك دا کە لە پێشەکیی ماری وۆلستون کرافت بۆ یەکەم رۆمانی خۆی "ماری، چیرۆکێك"(١٧٨٨) وەریگرتوە، بەم جۆرە چڕکردۆتەوە: "لە وێنا کردنی قارەمانی ژنی ئەم چیرۆکەدا، دانەر هەوڵ دەدا، کەسایەتییەکی جیاواز بە یارمەتیی وێنە باوەکان، دروست بکا". لەگەڵ ئەمەش دا، ئازایەتیی ژنانەو فیمینیزم هاوواتا بوون ناگەیەنن. ئەمە خاڵێکە کە مۆیرز لە پێوەندی لەگەڵ ئان راد کلیفی نووسەری "گوتیك"دا ئاماژەی پێ دەکا. چونکە رادکلیف ئەگەرچی هیچکات لەگەڵ ئەوچۆرە فیمینیزمە جەدەلی‌یەی وۆلستۆن کرافت دا پێوەندییەکی نەبووە، بەڵام لە پێکهێنانی کەشوهەوایەکی ژنانە لە رۆمانی "گوتیك"دا کە جێگای ژنانی چ وەك نووسەر، چ وەك کەسایەتییەکی چیرۆك تێدا دەبێتەوە، رۆڵێکی کاریگەری لە ئەستۆ بووە.

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمینیستی"
نووسینی: مەگی‌هام، سارا گەمبڵ
وەرگێڕانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی، ص ٢٠٤

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 464   18 June 2007

الـ پەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

## چیاکانی کوردستان

## گمۆ   Gemo



گمۆ، یەکێك لە ناسراوترین بەرزاییەکانی کوردستان لە ناوچەی شانەخسێ لە ٤٥ کیلومیتریی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی هەڵ کەوتوە. گمۆ یەکێك لە تروپکە بەناوبانگەکانی چیای ئاسۆس‌و سەر بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەو بەرزاییەکەی ٢٩٥٠ میترەو ئاوێتەیەکە لە جوانی‌و دڵگری. شانەخسێ‌و سیرێن لە گوندە بەناوبانگەکانی ناوچەن. ئاوەڕۆی گمۆ دەچێتەوە نێو چەمەکانی کەلاس‌و زێی بچووك کە ئەوانیش دەچنەوە نێو ئاوبەندی دوکان‌و، ئاوی دوکانیش تێکەڵ بە دیجلەو فورات دەبێ‌و سەرئەنجام دەچنەوە نێو کەنداوی فارس.

لە دیمەنە جوانەکانی گمۆ، دەتوانین ئاماژە بە چیاکانی سەردەشت‌و ئاواییەکانی سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ترۆپکی چیای مامەندە، چیای پیرەمەگروون‌و، کێوی ئاربابا بکەین. ڕووناکیی چراکانی شاری سلێمانی، لە سەر گمۆوە بە تایبەتی شەوان، جوانی‌یەکی تایبەتیی هەیە.

داربەڕوو، بادامی کێوی، گوێز، مێوو هەنجیر لەو دارە خۆرسکانەن کە لەم چیایە دەڕوێن. لۆ، کەما، شلێر، پنگە، هەڵاڵەبرمەو هتد لە گرنگترین جۆرەکانی ڕووەکی ئەم چیایەن. لەلایەکی دیکەوە: گورگ، ڕێوی، مار، ژووشك، هەڵۆ، کەو، بەراز، قەناری‌و حەوت ڕەنگ لە گرنگترین گیانلەبەرانی چیای سەرسەوزو بەرزی گمۆن.

گمۆ، حەشارگەی زستانیی دەسکردی نیە. باشترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن لە گمۆ ڕێگای ئاواییەکانی سیرێن‌و شانەخسێ بۆ سەر دوندی چیاکە بە تەنیشت چۆمی کەلاس دایە کە ٦ کاتژمێر دەخایەنێ. با هۆزی زستانی‌و کرێوە، تەمومژ، ڕنوو، تەرزەو هەورە تریشقەو لافاوی بەهاران، لەو مەترسییانەن کە لەم چیایە ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

گمۆ، سروشتێکی تایبەت بەخۆی‌و جوانی‌یەکی کەم وێنەو ئاوو هەوایەکی نەساردو نە گەرمی مێدیتەرانەیی هەیە. چوونە سەرو هاتنە خوارێ لە گمۆ ١٠ـ١٢ کاتژمێر دەخایەنێ.


سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"

ئامادە کردنی ئەکبەر وەلەدبەیگی

## ژمارەی تازەی گۆڤاری "ژنان" لە ژێر چاپ دایە

ژمارەی ١٧ی"ژنان" گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جۆزەردانی ١٣٨٦لە ژێر چاپ دایە. لەم ژمارەیەی گۆڤاری "ژنان"دا سەرەڕای چەندین پەیامی ئەو یەکیەتی‌یەو هەواڵ‌و ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، کۆمەڵێك وتارو بابەتی سیاسی، کولتووری کۆمەڵایەتی‌و فیکریی تایبەت بە ژنی جیهان، ئێران‌و کوردستان سەرنج ڕادەکێشن. هێندێك لەم وتارو بابەتانە بریتین لە:

٥ ساڵەی تەمەنی گۆڤاری "ژنان"، بێدەنگی شەرمە لە بەرامبەر ئەو تاوانە (کوشتنی دوعا)دا، هەڵسەنگاندنی ژنی کوردی‌و دیاسپۆراو ژنی دانیشتووی وڵات، پێوەندیی نێوان فیمینیزم‌و ناسیونالیزم، فیمینیزمی کوردی‌و ڕۆڵی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئایا بەردباران تەنیا پێوەندیی بە پیاوانەوە هەیە، تۆماس هابز، لە تووڕە بوون خۆ بپارێزن‌و...



## لیستەی سەرووەری (٧)

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێری‌و دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسین‌و تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێ دەکەین.

٢ـ ئەوانەی پوولی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ غ . م. دوو میلیۆن‌و حەوسەد هەزار (٢/٧/٠٠/٠٠٠) تمەن
٢ـ **ك .ش** .ح. نۆ میلیۆن (٩٠٠٠٠٠٠) تمەن
٣ـ **کێوە ڕەش** . سێ‌سەدهەزار (٣٠٠/٠٠٠) تمەن
٤ـ **ناڵەشکێنە** . دووسە دهەزار (٢٠٠/٠٠٠) تمەن
٥ـ **برادەرێکی دوکتور قاسملوو**. نۆمیلیۆن (٩٠٠٠٠٠٠) "
٦ـ ر.ب.ك . هەشتسەدو دەهەزار (٨١٠/٠٠٠) تمەن
٧ـ **ئاوات**. چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن
٨ـ خ. م. دووسەدو حەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠) تمەن
٩ـ ر.ر.ع. چوارسەدو پەنجاهەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن
١٠ـ ئ. ح.ك. چوارسەدو پەنجاهەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن
١١ـ ر.خ.م. دووسەدو هەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠) تمەن
١٢ـ ع.ع.خ. سێ‌سەدو شەست هەزار (٣٦٠/٠٠٠) تمەن
١٣ـ پ.ع.ع. نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
١٤ـ د.ك.ع. میلیۆنێك‌و هەشتسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن
١٥ـ ر.م.ح. میلیۆنێك‌و هەشتسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن

## گەشتێك بۆ نێو بابەتەکانی تازەترین ژمارەی "لاوان"

ژمارەی ٢٦ی گۆڤاری "لاوان"، ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جۆزەردانی ١٣٨٦ لە ١١٤ لاپەرەدا بڵاو بۆوە.

لە بەشی سیاسیی ئەم ژمارەیەی "لاوان"دا: نەتەوەو نابەرابەریی ئابووری لە ئێران دا، دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێران لە ماوەی سەدەیەك داو، تەوەرێك تایبەت بە کز بوونی هەستی نەتەوەیی لای لاوی کورد، دەخوێنینەوە. لە بەشی کۆمەڵایەتی‌دا: خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور لە وڵامی چەند پرسیاردا، دەرمانە ئارام بەخشەکان‌و، پێوەندیی (کۆمۆنیکاسیۆن) سەرنج ڕادەکێشن. کورتە چیرۆکەکانی "دیوار"و "سەرلانکەی ڕەش"، لێکدانەوەیەك بۆ چیرۆکی "سەرلانکەی ڕەش" چیرۆکی "خەونە لێڵەکەی سەرۆك"و دوو پارچە شێعر، نیوەرۆکی بەشی ئەدەبیی ئەم ژمارەیەی "لاوان" پێك دێنن. لە بەشی زانستی‌دا: نەخۆشیی ئانفلۆئانزا، هەیە. "نۆی قەڵەم"ی ئەم ژمارەیەی "لاوان" گیابەند نەستانی‌یە کە بە وەرگێڕانی "چیرۆکەکانی روحی منداڵ، ماچ" بەشداریی ژمارە ٢٦ی "لاوان"ی کردوە. لە بەشی "کاروچالاکی"دا چەندین پەیام‌و بەیاننامەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتی لاوان‌و ڕاپۆرتی دیدارو چالاکی‌یەکانی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتی‌یە بەرچاو دەکەون. بەشی من لە بەختەوەری (نامەی خوێنەران)و مۆدەکان لە کوێوە دێن؟و شۆڕشە گەورەکانی جیهان نێوئاخنی بەشی "هەمەڕەنگ"ی نوێترین ژمارەی "لاوان" پێك دێنن. لە بەشی "فارسی"ی ژمارەی ٢٦ی "لاوان"دا ئەم وتارانە هەن: آبیدرو آرارات بە حال دیاربکر و درسیم گریستند"، آیا ادبیات کردی عقب ماندە است؟و "سکس زودرس دختران". دوا بابەتی تازەترین ژمارەی گۆچاری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وتاری "ڕۆڵی ڕاگەیاندن"ە کە لە ئینتێرنێتەوە وەرگیراوە.




## ڕۆژی لە دایکبوونی گاندی، دەبێتە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی هەینی ٢٥ی جۆزەردان (١٥ی ژوئەنی ٢٠٠٧)، بڕیاری دا ڕۆژی دووهەمی ئۆکتوبر (ڕۆژی لە دایکبوونی مەهاتما گاندی) ڕێبەری کۆچکردووی وڵاتی هیند، وەك ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی، ڕابگەیەنێ. گاندی بە دوور لە توندوتیژی بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەی لە چنگ ئیستیعماری ئینگلیسی‌یەکان خەباتی کرد.

ئەناند شارما، وەزیری کارو باری دەرەوەی هیند، گەڵاڵەی بڕیارنامەیەکی بەو مەبەستە پێشکێش بە کۆڕی گشتی کرد کە بە دەنگی ١٩٢ وڵاتی ئەندام پەسند کرا. ناوبراو گوتی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنفرانسی نێونەتەوەیی "ئاشتی‌و نەبوونی توندوتیژی‌و بە هێز کردنی فەلسەفەی گاندی لە سەدەی ٢١دا".

ماڵپەڕی :" ایران امروز"



## مرواریی دەریای وشە

دۆزینەوەی ڕاستی پێویستیی بە هەر دووکمانە: یەکێك ڕاستی‌یەکە دەردەبڕێ‌و، ئەوەی دیکە تێی بگا.
(جەبران خەلیل جەبران)

ڕێزو ناوبانگ نابێ لە ڕێگای توندوتیژی‌و دڵڕەقی‌یەوە بە دەست بهێنرێ. (مەهاویرا)

هونەر، کلیلی تێگەیشتنی ژیانە. (ئوسکار وایلد)

ئەگەر مرۆڤ، هومێدو خەونی لێ بستێنرێتەوە، دەبێتە بەدبەختترین گیانلەبەری سەر ڕووی زەوی. (کانت)

دەستپێکێکی باش، نیوەی دەرئەنجامەکەیە.
(ئەرەستوو)

## شەهیدانی ١٩ی حوزەیران، هەمیشە ئەفسەر، بۆ ئەبەد سەردار

بەر لەماڵاوایی

قادر وریا

١٩ی حوزیرانی ئەمساڵ (٢٩ی جۆزەردانی ١٣٨٦)، ٦٠ ساڵ بەسەر لەسێدارەدرانی چوار ئەفسەری شۆڕشگێڕو نیشتماندۆستی کورد بەدەستی ڕێژیمی پاشایەتیی عێراق دا، ڕادەبرێ. سەرهەنگ عێزەت عەبدولعەزیز، سەرهەنگ مستەفا خۆشناو، سەروان محەممەد مەحموود قودسی‌و سەرگورد خەیروڵڵا عەبدولکەریم، ئەو چوار ئەفسەرەی ئەرتەشی عێراق بوون کەلە جووڵانەوەی بارزان دا بەشدار بوون‌و، کاتێك جووڵانەوە ناچار بە پاشەکشە کرا، لەگەڵ بارزانی‌یەکان بە سەرۆکایەتیی بارزانی مستەفا ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەدوای دامەزرانی جمهووریی کوردستان دا، هەموو ئەو کوردە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرانەی لە ژێر گوشارو پەلاماری ڕێژیمی کۆنەپەرست‌و دژ بە کوردی عێراق دا، یا ڕاست بە مەبەستی خزمەتکردن بەو جمهوورییە، ڕوویان کردبووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و شاری مەهاباد، ڕۆڵێکی گرنگ‌و تایبەت بەخۆیان لە خزمەت بەم جمهوورییەدا گرتە ئەستۆ. ئەم چوار ئەفسەرەش، زانایی، پسپۆری‌و ئەزموونی خۆیان خستە خزمەت بنیاتنانی سوپای میللی کە بۆ پارێزگاری لە کۆماری کوردستان پێك هات. ئەوان لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەری شۆڕشگێری دیکە توانای خۆیان بۆ ڕێکوپێك کردن‌و پێگەیاندنی سوپای میللی تەرخان کرد. مستەفا خۆشناوو محەممەد مەحموود وەك ڕاوێژکاری نیزامی دەست بە کار بوون‌و، ئەوانی دیکەش هەرکام فەرماندەیی بەشێك لە هێزەکانی باشووریان کرد کە پارێزگارییان لەو کۆمارە دەکرد. ئەو چوار ئەفسەرە شۆڕشگێرە تا کاتی ڕووخانی کۆماری کوردستان، ساتێك لە خزمەتی سادقانەو دڵسۆزانە بەم قیبلەیەی ئاواتی کوردان غافڵ نەبوون.

بە ڕووخانی جمهووریی کوردستان، ئەم پۆلە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەش وەك سەدان کوردی نەتەوە پەرست کە بە دنیایەك ئاواتەوە ڕوویان کردبووە پێتەختی کۆمار، هێلانەیان لێ‌شێواو پەرتەوازە بوون. بەو هۆیەوە کە حکوومەتی عێراق قەولی لێخۆشبوونی بە کوردە عێراقی‌یەکان دابوو، ئەو چوار ئەفسەرەش لەگەڵ بەشێك لە کوردەکان گەڕانەوە عێراق. بەڵام حکوومەتی عێراق، پێی ڕەبەڵێنی خۆی خست‌و هەر چواریانی لە ١٩ی جۆزەردانی ١٩٤٧دا لە دار دا.

نامەیەك کە ئەم چوار ئەفسەرە بەر لە سێدارەدانیان ڕوو لە نەتەوەکەیان نووسیویانە، وەك ژیانەکەیان‌و خزمەتەکانیان، جێگای شانازییە. چونکە لە لایەك پڕە لە ئامۆژگاریی دڵسۆزانەی نەتەوەیی‌و نیشتمانپەروەرانە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان. لە لایەکی دیکەشەوە پێشاندەری ورەی بەرزو بڕوای پتەوو ئیمانی قووڵی ئەوان بە ڕزگاریی کورد لە بندەستیی نەتەوەیی‌یە.

ئەوان هەر وەك لە ژیان دا ڕەچەشکێن بوون‌و بۆ ئەفسەرانی شۆڕشگێری دوای خۆیان بوون بە سەرمەشق، تا پسپۆری، زانایی‌و ئەزموونی خۆیان بخەنە خزمەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مردنیش دا، بوون بەسەر مەشقی نەوەکانی دوای خۆیان‌و، کەلتووری شەق هەڵدان لە پلەو پایەی ڕێژیمە زۆردارەکان لە پێناوی نەتەوەی خۆیاندا داهێنا.

٦٠ ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی نەمران عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەممەد مەحموود قودسی‌و خەیروڵڵا عەبدولکەریم دا ڕادەبرێ. بەڵام ڕەنجی بێ ئەژمارو خوێنی بە ناهەق ڕژاویان بە فیڕۆ نەچووە. لەو ساوە تا ئێستا، نەك هەر ڕێژیمی پاشایەتیی عێراق چۆتە نێو زبڵدانی مێژوو، بەڵکوو میراتگرەکانیشی کە بۆ لەنێو بردنی خەباتی کورد دەستیان لە هیچ تاوانێك دەرحەق بەم نەتەوەیە نەگێڕایەوە، بەدەردی ڕێژیمەکانی پێش خۆیان چوون. نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان خاوەنی حکوومەت‌و پارلمانی خۆیەتی‌و ئەو ئاڵایەی سەردەمێك بەدەستی ئەوان‌و پێشمەرگەکانی دیکەی جمهووریی کوردستان دەشەکایەوە، ئەمڕۆ لە دەستی هەر کوردێك‌و لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا دەشەکێتەوە. ئەگەر ئەو کات، لە هەموو لایەکەوە نەهامەتی ڕووی کرد بووە کوردو بۆ ڕووخاندنی کۆشکی ئاواتەکانی ئەو نەتەوەیە، هەموو دوژمنان‌و نەیارانی دەستیان دابووە دەستی یەك، ئێستا ئاسۆی ڕزگاریی کورد بە گشتی ڕوونە. کوردستانی ئازاد، ئەمڕۆ شەقام‌و مەیدانەکانی بە ناوی ئەو چوار ئەفسەرە شەهیدە ناودێر کردوون‌و، ناوو یادو ژیاننامەو گڵکۆکانی ئەو شەهیدانە، پاش ٦٠ ساڵ لاوانی کورد بۆ خزمەت بە نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بانگەواز دەکەن.

**ناویان‌و یادیان هەروا بەرزو گەشاوە بێ**